کەمال کەرکووکی: سەرۆکی هەرێم کاندیدی گەورەترین فراکسیۆن بۆ پێکهێنانی حکوومەت رادەسپێرێت

سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان کەمال کەرکووکی، بۆ «خەبات» ڕایگەیاند: ڕۆژی چوارشەمە 2019/4/8 کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەی سێیەم بۆ پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت و تەنیا دەنگ لەسەر مادەکان دەدرێت و گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، دوای ئەو کارەش دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە کە یاساکە واژۆ دەکات و دەری دەچوێنێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێک: ناردنی پارە لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان یاساییە

ڕێبوار عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە یاسای بوودجەی ساڵی2019 و ماددەی 10 باس لەوە دەکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەو 250 هەزار بەرمیلە نەوتەی نەنارد ئەوا لەو پشکەی بۆی دیاریکراوە دەبڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە پارەمان نەناردووە مانای ئەوە نییە کە پارەکە نادەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5745) چوارشەمە 8ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پارتی ئامانجی حکوومەتێکی بەهێزە، نەک پۆست

پێش جەژن کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێت

پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان، چەند پۆست و وەزارەتێک وەردەگرێت، وەک خەسرۆ گۆرانیش دەڵێ، پارتی ئامانجی حکوومەتێکی بەهێزە، نەک پۆست.

سەبارەت بە بەرکەوتەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کابینەی نوێەمدا، خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجوومەنی ئاسایش، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی و هەروەها چەند دەستە و دامەزراوەیەکی دیکەش لە کابینەی نوێەمدا بەر پارتی دەکەون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



وەرزی گزرە و گیابڕینەوە لە هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، پیاوێک لە شاری هەڵەبجە زیاتر لە 40 ساڵە کاری گیا بڕینەوە بە کەرەنتوو دەکات

کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەمە 8ی ئایاری2019 لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتی گفتوگۆکانی نێو لیژنەی یاسایی شتێکی ئاساییە، هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی مەکتەبی سیاسی حزبەکانمان جێبەجێدەکەین و بە بەرپرسیارانە مامەڵە دەکەین. جەختیشی کردەوە کە دەبێت فراکسیۆنەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و ئەوەی نەشاردەوە کە تاوەکوو ئێستا لێکتێگەیشتنی زۆر باش لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە. لەبارەی جیاوازیی بۆچوونی یەکێتییەوە کە پەرلەمانتارێکی یەکێتی هەڕەشەی بەشداربینەکردن لە دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستانی کردبوو، ئومێد خۆشناو ڕوونیکردەوە: بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم یەک جێگری هەیە و یەکێتی داوای دوو جێگری کردووە، ئێمە پێشنیازمان داوە کە هەردوو بۆچوون ڕێکبخەین، بەڵام یەکێتی پێشنیازێکی دیکەی داوە، لە گفتوگۆ داین .جەختیشی کردەوە کە بە دڵنیاییەوە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت.

د. دیندار زێباری: تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستان

ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر هەن کە بەهۆی شەڕ و نائەمنییەکانی عێراق و سووریا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی سوریا، هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و هەروەها ناوچەکانی دیکەی عێراق، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراقی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ.. پارەی کارمەندانی سەر سندووقەکانی دەنگدان دابەش دەکرێت



بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان گوتی، پارەی کارمەندانی سەر سندووقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەیشتووە و ئەمڕۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دەست بە دابەشکردنی دەکرێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ساڵانە ژمارەی سەردانیکارانی مۆزەخانەی کەفیل لە شاری کەربەلا زیاتر لە ملیۆنێک گەشتیارە



پاش ڕووخانی ڕژێمی سەردام حوسێن لە ساڵی 2003 دەستکرا بە دروستکردنی مۆزەخانەی کەفیلی کەربەلا. بەفەرمی لە 2009/5/1 مۆزەخانەکە بەڕووی گەشتیاراندا کرایەوە. مۆزەخانەی کەفیل تایبەتە بە دەستنوسەکان و پارچە شوێنەوارییەکان و کەلوپەلە کەلەپوورییەکان. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئیسرائیل زانیاری هەواڵگری بە ئەمەریکا داوە

ئێران بەنیازی هێرشی سەربازییە

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی عێراق و سووریا و نیمچە دوورگەی عەرەبی بەتایبەتی دەبنە چەقی مەلمەلانێکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا، لەنوێترین ڕووداوەکانیش ئاشکرابوونی پلانە سەربازییەکانی ئێران لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکان و کاردانەوەکان پرس و باسی گرنگی میدیا جیهانییەکانن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

چەند گەڕەکێک قیرتاو دەکرێن و خزمەتگوزارییان بۆ دابین دەکرێت

ماوەی چەند ڕۆژێکە کار لە گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکەکانی میرزا ئەحمەدو نازماوە دەکرێت و ماوەیەک پێش ئێستاش کۆڵانەکانی گەڕەکی قەتەوی کۆنکریت کران و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو گەڕەکانە بەردەوامە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

تورکیا.. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ دووبارە دەکرێتەوە



دوای بڕیاردانی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵ، کاردانەوەکانی ناو تورکیا لەپەرەسەندن دایە، سەرۆکی گشتی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، کە ویژدانی نەتەوە بەدووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا، خوێنی لێ دەچۆڕێت، ئەم پەیامە کاریگەری زۆری لەسەر میدیای تورکیا دانەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پێش جەژن کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێت

خەسرۆ گۆران: پارتی ئامانجی حکوومەتێکی بەهێزە، نەک پۆست



پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان، چەند پۆست و وەزارەتێک وەردەگرێت، وەک خەسرۆ گۆرانیش دەڵێ، پارتی ئامانجی حکوومەتێکی بەهێزە، نەک پۆست.

سەبارەت بە بەرکەوتەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کابینەی نێوەمدا، خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاند، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجوومەنی ئاسایش، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی و هەروەها چەند دەستە و دامەزراوەیەکی دیکەش لە کابینەی نێوەمدا بەر پارتی دەکەون.

بەڵام خەسرۆ گۆران پێی وایە، پارتی لای گرینگ نییە چەند وەزارەتێک کەمتر یاخود زیاتری بەرکەوێ، وەک خۆی رایدەگەیەنێ، پارتی هێندەی خەمی یەکێتیی ریزەکانی لایەنە سیاسییەکانیەتی لە ناو حکوومەتدا، هێندە خەمی بەرکەوتەی وەزارەتەکانی نییە، ناوبراو دەشڵێ، ئامانجی پارتی حکوومەتێکی بەهێزە، بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان بە دەست بێت.


پێوەست بەو بەرکەوتانەش کە بە دەست پارتییەوە دەبن، گۆران ڕوونی کردەوە، کە پارتی هەردەم سازشی کردووە بۆ لایەنەکانی دیکە، ئەمەش بۆ ئەوەی یەکڕیزی بپارێزێ، بە هەمان شێوە لە بەغداش پارتی گەورەترین حیزبە لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام دەبینین لایەنەکانی دیکە پۆستی زیاتریان بەرکەوتووە.

ئەو هەروەها دەشڵێ، لە کابینەکانی تری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی هەر بەم شێوەیە بووە و سازشی لە پشکی خۆی کردووە بۆ لایەنەکانی تر، جەختیشی لەوە کردەوە، پارتی خەمخۆری ئەوە بووە یەکڕیزی و تەبایی نێو مالی کورد بپارێزێ. خەسرۆ گۆران ڕاشیدەگەیەنێ، لە کابینەی نوێدا، پۆستی وەزارەتێک دەدرێتە پێکهاتەی مەسیحییەکان، ناوبراو ئاشکرایشی کرد، کەس بەقەد پارتی پەروەشی پێکهاتەکانی کوردستان نییە، تاوەکو ئێستاش پارتی بێدەنگیی ئەو پێکهاتانەی نەکردووە، وەک دەبینین پۆستی سکرتێری پەرلەمان دراوەتە تورکمان.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، وەک مۆژدەیەک بۆ هاونیشتمانیان رایدەگەیەنێ، پێش جەژن کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێ.

جەخت لەسەر گرنگی بەشداربوونی هەرێمی کوردستان لە ئامادەکردنی بودجە کرایەوە

فوئاد حوسێن سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لەبارەی ستراتیژیی بودجەی گشتی ساڵی 2019ی کرد



ڕۆژی دووشەممە 2019/5/6 د.فوئاد حوسێن جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووری -وەزیری دارایی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لەبارەی ستراتیژی بودجەی گشتی ساڵی 2019 کرد . لەم کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەک لە ڕاوێژکارانی دەستەی ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرانی گشتی وسەرۆکی فەرمانگەکانی دارایی وەزارەت و نوێنەری هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، باس لە پرسە پەیوەستەکان بە بواری ئابووری و دارایی و بودجەی گشتی کرا و تیشک خرایە سەر دەرمالەی تەشغیلی و ڕەوەن و داهاتەکانی بودجە و نرخی نەوت و میکانیزمی جێبەجێکرجنی بودجە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر کورتهێنانێکی ئەم بودجەیە. هەروەها جەختیش لەسەر گرنگی بەشداربوونی هەرێمی کوردستان کرایەوە لە ئامادەکردنی بودجە.

ئامادەبووان هەریەکەو باسی دید و بۆچوونی خۆی کرد لەم بارەوە و دووپات لەسەر زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و پێویستی چارەسەرکردنی نەبوونی پارەی بەردەست کرایەوە کە بووە هۆی قەرزکردن و دروستبوونی کێشەی دارایی. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە دیاریکردنی سیاسەتی بودجە کرایەوە.

شیاوی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەتی دارایی ئامادەی بوون.

ڕێبوار هادی عەبدوڵڕەحمان:

ناردنی پارە لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان یاساییە

هەڵمەتێک لەلایەن کەناڵە عەرەبییەکانەوە لە دژی عادل عەبدولمەهدی دەستپێکردووە



ڕێبوار عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە یاسای بوودجەی ساڵی 2019 و ماددەی 10 باس لەوە دەکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەو 250 هەزار بەرمیلە نەوتەی نەنارد ئەوا لەو پشکەی بۆی دیاریکراوە دەبڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە پارەمان نەناردووە مانای ئەوە نییە کە پارەکە نادەین.

پەرلەمانتارەکەی پارتی بووجە دەبڕن، لەگەڵ ئەوەشدا لە بابەتی بەکارخستن و وەبەرهێنان و مووچەی فەرمانبەران پارەی لە بەغدا هەیە، بەغداش پابەندە بە ناردنی مووچەی فەرمانبەران.

دەشڵێت: هەڵمەتێک دەستپێکردووە و کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان زیاتر مەبەستیان ئەوەیە کە عادل عەبدولمەهدی بدەن، ئەگەرنا ناردنی ئەو پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان 100 یاساییە و لە بوودجەدا هاتووە، زیادیان نەکردووە تا بڵێین حەقی خۆمان نییە.

پەرلەمانتارەکەی عێراق لەبارەی دەنگۆی سکاڵای پەرلەمانتارانی سەر بەبەرەی نەسر لەسەر عادل عەبدولمەهدی و وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەدا، ئەوە بابەتێکی سیاسییە و کارتەکە لە دەستی حەیدەر عەبادی سووتاوە، دەیەوێت گوشار لەسەر سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی بکات.

پەرلەمانتاریکی کوردستان:

هەوڵ دەدەین سیستەمی میترۆ لە کوردستان دابمەزرێندرێت

پەرلەمانتاریکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە هەوڵ دەدەین سیستەمی میترۆ لە شارەکانی کوردستان دابمەزرێندرێت. ڕزگار عیسا، جێگری سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە هەرێمی کوردستان تەنیا هەردوو شەقامی 120 مەتری و 150 مەتری لە هەولێر بە ستانداردی جیهانی دروستکراون.

ڕزگار عیسا هەروەها ڕایگەیاند: هەوڵ دەدەین سیستەمی کیلۆمەتر بۆ کرێی تەکسی دابندرێت، جگە لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی قەرەبالێیی شەقامەکانی کوردستان. ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەشکردووە، لە پەرلەمانەوە هەوڵ دەدەین حکوومەت پابەند بکەین بە دامەزراندنی سیستەمی شەمەندەفەر و میترۆ بەشێوەیەک کە میترۆ ببێتە جێگرەوەی هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە لەناو شارەکان و شەمەندەفەریش ببێتە جێگرەوەی هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە لە دەرەوەی شار، کاری لەسەر دەکەین و قۆناغ بە قۆناغ دەبێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هاوپەیمانیی فەتح: گەڕانەوەی عەبادی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران تەنیا خەونە

عەبادی لە حوکمڕانێتی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی شکستیهێنا



هاوپەیمانیی فەتح (هاوپەیمانیی پەرلەمانیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی) شکست بە هەوڵ و خەونێکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق دەهێنێت.

حەسەن شاکر، پەرلەمانتاری فەتح لە پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، حکوومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی بەهێزی فەتح و هاوپەیمانیی سائیرون، دروستبووە.

حەسەن شاکر هەروەها ڕاشیگەیاندووە، کە حەیدەر عەبادی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسر و سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە حوکمڕانیی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی شکستی هێنا.

ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانیی فەتح جەختی لەوە کردووەتەوە، کە هەرگیز ڕێگا بە گەڕانەوەی عەبادی بۆ سەر حوکم نادەین و ئەوە خەونێکی بەدی نەهاتووی ئەوە.

پێشتر حەیدەر عەبادی و سەرکردەکانی هاوپەیمانیی نەسر چەند جارێک ئامادەیان بە هەوڵی گەڕانەوەی حەیدەر عەبادی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق کردووە. بەڵام هێزە عێراقییەکان ئەوە وەک خەونێکی بەدینەهاتووی عەبادی و دارودەستەکەی دەبینن.

لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە خراپیی ڕەوشی کاکەییەکان بێدەنگن

گۆڕانی دیموگرافی لە ناوچەکانمان دەکرێت و حکوومەتی عێراقیش ئاگای لە ڕەوشی کاکەییەکان نییە



سەرۆکی ڕێکخراوی میترا بۆ پەرەپێدان و ڕۆشنبیریی یارسان ڕایگەیاند، هێشتا لە ناوچەکانی داقووق و خانەقین مەترسی لەسەر کاکەییەکان ماوە. ڕەجەب کاکەیی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: حکوومەتی عێراق ئاگای لە ڕەوشی کاکەییەکان نییە و گۆڕانی دیموگرافی لە ناوچەکانیان دەکرێت و لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش لە خراپیی ڕەوشی کاکەییەکان بێدەنگن. کاکایی گوتیشی: پێش ماوەیەک داعش هێرشی کردە سەر ناوچەی کاکەییەکان، هێزەکانی کوردیش لەوێ نین تا پارێزگاریان لێ بکەن، بۆیە ڕەوشی کاکەییەکان زۆر خراپتر بووە. کاکەیی ئاماژەیشی دا: ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوشمان بەرەو خراپتر دەڕوا، داوا لە هەموو لایەک دەکەین چاویان لە ڕەوشی کاکەییەکان بێت. جێی باسە نزیکەی 150هەزار کاکەیی لە عێراق هەن، ئەوانیش لە ناوچەکانی کەرکووک و داقووق و خانەقین و دەشتی نەینەوا و بەغدا و دیالەن.

کەمال کەرکووکی: سەرۆکی هەرێم کاندیدی گەورەترین فراکسیۆن بۆ پێکهێنانی حکوومەت رادەسپێرێت

پاش دەرچوواندنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ماوەی سێ رۆژ دەکرێتەوە



سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان کەمال کەرکووکی، کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆ خەبات ڕایگەیاند: ڕۆژی چوارشەممە 2019/4/8 کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەی سێیەم بۆ پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت و تەنیا دەنگ لەسەر مادەکان دەدرێت و گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، دوای ئەو کارەش دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە کە یاساکە واژۆ دەکات و دەری دەچوێنێت.

کەمال کەرکووکی گوتیشی: دوای دەرچوواندنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەکرێتەوە، هەروەها سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ماوەی دوو ڕۆژدا ناوی ئەو کاندیدانەی مەرجی یاساییان تێدایە ڕادەگەیەنێت.

سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد: لە ماوەی دوو ڕۆژدا کاندیدەکانیش کاتیان هەیە لەبەردەم دادگا تانە لە بڕیاری پەرلەمان بدەن، هەروەها بڕیاری دادگا بۆ یەکلاییکردنەوەی تانەکان لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەبێت، دوای بڕیاری دادگاش پەرلەمان دەتوانێت بانگهێشتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و سوێندخواردنی بکات، بەڵام دەبێت ئەمانە پێش48 کاتژمێر ئەنجامبدرێن، واتە ئەم هەنگاوەش دوو ڕۆژی پێویستە، واتە لانیکەم12 ڕۆژمان پێویستە بۆ کۆتاییهاتنی پرۆسەکە. کەمال کەرکووکی ئاشکراشی کرد: لە دانیشتنی فەرمیی پەرلەماندا ناوی کاندید بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دێت و ئەویش کاندیدی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان دەبێت، دواتر سەرۆکی هەرێم بە فەرمی داوا لەو کاندیدە دەکات لە ماوەی مانگێکدا کابینەی نوێی حکوومەت پێک بهێنێت. ڕوونیشی کردەوە: ئەگەر بێت و کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەو مانگەدا هەر ڕۆژێک ئامادە بوو، دەتوانێت سەرۆکی پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە و سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش ڕۆژێک دیاری دەکەن و کاندیدی ڕاسپێردراو و وەزیرەکانی بەشداریی دانیشتنەکە دەکەن و لەناو پەرلەماندا دەخرێنە بەر دەنگدان.

د. دیندار زێباری: تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستان

لە ساڵی 2018دا ڕێکخراوەکان 168 جار سەردانی گرتووخانەکانیان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی بەندکراوان



ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر هەن کە بەهۆی شەڕ و نائەمنییەکانی عێراق و سووریا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی سوریا، هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و هەروەها ناوچەکانی دیکەی عێراق، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراقی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد. ئەمەش پاراستنی ڕەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستانی قورستر کرد و بارگرانییەکی زیاتر کەوتە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان بە گشتی و هێزەکانی پێشمەرگە بەتایبەتی.

د.دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم دەڵێت: تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستان و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێک دەدەن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ ڕێگەگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم چەند ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بەراورد بە وڵاتانی دیکە.

ئاسایشی هەرێم چەند ڕێوشوێنێکی تایبەت لە بازگەکان دەگرنە بەر کە مەبەستی سەرەکی لێیان پاراستنی ئاسایشی کوردستانە. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "ئەو ڕێوشوێنانەی لە بازگەکاندا پەیڕەو دەکرێن کارێکی ئاساییە و پەیوەندی بە ئاسایشی و سەقامگیریی هەرێمەوە هەیە و نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان ڕێوشوێنی تایبەت پیادە دەکرێت بۆ وردبینی و دڵنیا بوون لە ناسنامەی هاوواڵتیان لەگەڵ ئەو زانیارییانەی هەیە لای دام و دەزگا ئەمنییەکان، ئەم ڕێوشوێنانەش تەنیا بۆ پاراستنی سەلامەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە".

لەدرێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە ئازادی هاتوچۆی ئاوارەکان، زێباری گوتی: ئەوان ئازادان لە هاتوچۆ کردن، بەڵام بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشیان ئەو ڕێوشوێنانە دەگیرێتە بەر، تا ئێستا ژمارەیەک لە تیرۆریستانی داعش لە نێو ئەو خانەوادە ئاوارانەی کە ڕوویان کردۆتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە دزیان کردووە و دواتر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون، جگە لە بازگەکان چەند جارێک لە کاتی پشکنینی ئەو کەسانە لە ساترەکان و خاڵەکانی پشکنین چەکی جۆراوجۆریان پێ بووە و ویستوویانە بیهێننە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆیە ئەو ڕێوشوێنانە ئاسایین تەنانەت پێشتر چەند ڕێکخراوێک ئامانژەیان بەوە کردبوو کە ڕێوشوێنەکانی هاتوچۆکردن بۆ ناو کەمپەکان پێویستە تووندتر بکرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ژیانی ئاوارە و پەنابەرانی نیشتەجێی کەمپەکان. زێباری ڕاشیگەیاند: دامودەزگا ئەمنییەکان بە تەواوی هاوکاری هەموو ئەو ڕێکخراو و لایەنانە دەکەن کە دەیانەوێت سەردانی کەمپ یاخود گرتووخانەکان بکەن. سەبارەت بە سەردانی کردنی ڕێکخراوەکان، هەموو ڕێکخراوەکان ڕێگەیان پێدراوە سەردان بکەن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، بۆیە هەفتانە ڕێکخراوەکان بۆیان هەیە سەردانیان بکەن. بە گوێرەی دوایین ئامارەکان لە ساڵی 2018دا ڕێکخراوەکان 168 جار سەردانی گرتووخانەکانیان کردووە بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی بەندکراوان و بە تەواویش هاوکاری کراون. لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند "سەبارەت بەوەی دەگوترێت هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە ئەشکەنجەی خەڵک دەکەن، مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن و سوکایەتیان پێدەکەن و سزایان دەدەن لە کاتی دەستگیرکردنیان، هیچ کەس و لایەنێک تاوەکو ئێستا گلە و ڕەخنەی ئەمەی نەبووە چ لای دەزگای داواکاری گشتی چ وەک دادگاکان. هەروەها بەپێی یاسا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و سزادراوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەرگرتنی ئیعتراف و زانیاری بە تاوان دادەنرێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت کە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس ڕاگیراوان ئەشکەنجە بدەن بەپێی ماددەی (333) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو و هەر تۆمەتبارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت لەڕووی یاساییەوە مافی هەیە سکاڵا تۆمار بکات.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی خوێندنی باڵای کۆماری چیک دەکات



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە 6ی ئایاری 2019 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە شاندێکی خوێندنی باڵای کۆماری چیک بە سەرۆکایەتیی یاروسلاڤ میلەر، سەرۆکی زانکۆی ئوسترافەی کۆماری چیک کە بەیاوەریی میشاڵ سڤۆبۆدە، کونسوڵی گشتیی کۆماری چیک لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری سەردانی پەرلەمانی کوردستانییان کردبوو. لە دیدارێکدا یاروسڵاڤ میلەر، سەرۆکی زانکۆی ئۆستراڤەی کۆماری چیک، خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و مەبەستی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند: دەمانەوێت هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەین لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستییەکان و ڕاهێناندا، بۆ ئەم مەبەستە لقێکی زانکۆی ئۆستراڤەی کۆماری چیک لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و کوالیتی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی قوتابیانی ئەم هەرێمە دەکەینەوەو پڕۆژەکەمان دەرئژخایەن دەبێت لەلایەن حکوومەت و وەزیری خوێندنی باڵای کۆماری چیک پشتگیریی لێکراوە. هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانیان لە شەڕی دژ بە داعش بەرزنرخاند کە لەجیاتی هەموو جیهان ڕووبەڕووی ئەو تیرۆریستانە بوونەوەو بەرگریان لە مرۆڤایەتی کرد.

لای خۆیەوە. د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی کونسوڵ و شاندی زانکۆی ئۆستراڤەی کۆماری چیک بۆ پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: دوای دەستبەکاربوونی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان یەکێک لە لیژنە گرنگەکان لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵایە لەپەرلەمانی کوردستان و لەبواری خوێندنی باڵاو پڕوەردەوە یاساکانمان پێویستییان بەهەموارکردنەوە هەیە بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکانی ئەم سەردەمە. هەروەها خۆشحاڵیی خۆشی بەو هەنگاوەی کۆماری چیک دەربڕی کە لەڕووی خوێندنی باڵا و کردنەوەی زانکۆیەکانی لە هەرێمی کوردستان دەیانەوێ هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن و ڕایگەیاند: دەخوازین ئەم جۆرە پڕۆژانە پەرەی پێبدرێت لە هەرێمی کوردستان و پێویستمان بەکردنەوەی زانکۆی تایبەت هەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداربوانی خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و نابێت زانکۆ تایبەتەکان بەچاوی بازرگانی بڕوانێتە کارەکانیان و ئامانجیان تەنیا بەخشینی بڕوانامە و دەستکەوتی مادی بێت بەڵکو دەبێت خەڵکی بەتوانا و لێهاتوو و بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بۆ وڵاتەکەمان بەرهەم بێنن و بەپێوەرە نێودەوڵەتییەکان بێت و قوتابی دوای تەواوبوونی لەپڕۆسەی خوێندن سوود لە توانا و لێهاتوویی وەربگیرێت لەکەرتی گشتی بێت یاخود کەرتی تایبەت کاری دەستبکەوێت لەچوارچێوەی پسپۆڕییەکەی.

سەرۆکی ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ بۆ «خەبات»:

پێشمەرگە شایستەی ڕێز و جێگەی سەرنجی هەموو جیهانە

کاردەکەین بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



خەبات- مەریوان

ئەڵشەندی: سەرۆکی ڕێکخراوێکی خێرخوازیی مەسیحی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بە ڕۆڵی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم لە پاراستنی ئاسایش و ئاشتی و ئازادی ئایینی دەکات و دەڵێت بەهۆی ئەم هەڵوێستانە و قارەمانیەتی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە هەموو جیهاندا بەڕێز و ستایشەوە سەیری پێشمەرگە دەکرێت.

جەمال ئەلداوی کە هاوواڵتییەکی بەریتانییە و سەرۆکی ڕێکخراوی (هاند ئۆف هێڵپ)ی خێرخوازییە و ڕێکخراوەکەی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە گەیاندنی کەلوپەل و خۆراک و هاوکاری مرۆیی و کتێبی فیکری و ئایینی جۆراوجۆر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و زانکۆ و کتێبخانەکان و وەرزشوان و ئاوارەکانی سنوری مووسڵ و ئێزیدی و مەسیحییەکان و زۆربەی چین و تۆێژەکانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من ساڵانێکە لە کوردستان کاری مرۆیی دەکەم و لە گەرمەی شەڕی داعش چەندینجار سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەوەی پێشمەرگەمان کردووە و خۆراک و کەلەوپەلمان بردووەتە ناو سەنگەرەکانیان و ڕێز و ستایشی خۆمان و ئەو سپۆنسەرە مەسیحیانەم پێگەیاندوون کە چاوەڕێی سەرکەوتنەکانیان دەکردن بەسەر تیرۆریستانی داعش و ئێستا خۆشحاڵم پێشمەرگە بووەتە سمبوڵی ئازایەتی و پارێزەری ئاشتی و لێبووردەیی و ئازادی ئایینی.

جەمال ئەلداوی سەرۆکی ڕێکخراوی (هاند ئۆف هێڵپ) لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە پاڵ پێشکەشکردنی هاوکاری و خۆراک و پێداویستی مرۆیی بۆ پێشمەرگە بە هەزاران کتێبی فیکری و ئایینی وەرگێڕدراوی کوردی و عەرەبیمان پێشکەش بە زانکۆ و کتێبخانە و مامۆستایانی ئایینی و قوتابیان کردووە و هاوکاری وەرزشیمان پێشکەش بە بەشێکی لە وەرزشوانانی هەڵەبجە و چەندین ژرکشۆپ و خولی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی لەناو سەنتەرەکەمان لە شارۆچکەی عەنکاوە و لەناو کەمپی ئاوارەکان ئەنجامداوە و حاڵی حازر چاکیمان لەگەڵ ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی هەیە بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی ئاوارەکانی مووسڵ و نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و چەندین کەسایەتی ئایینی و تەندروستی و پیشەیی وڵاتانی جیاجیا لە ڕێگەی ئیمەوە هاتوونەتە کوردستان و بەشداریان لە چالاکییەکانمان کردووە بە شێوەیەکی خۆیەخشانە.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا جەمال ئەلداوی گوتی: جگە لە کاری مرۆیی هەمیشە وەک دۆستێکی خەڵکی کوردستان و هاوکارێکی حکوومەتی هەرێم کارم کردووە و کاردەکەم بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەسایەتییە ئایینی و پیشەیی و ئەکادیمییە کاریگەرەکانی جیهان لە زۆر وڵاتی جیهان.

ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی پیلانێکی ئێران لەناو عێراق ئاشکرا دەکات

ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ)ی ئەمەریکی لە ژمارەی دوێنێیدا ڕاپۆرتێکی بلاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بەو پیلانە کردووە. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئێران بەرنامەی بۆ لێدانی هێزە ئەمەریکییەکان لە سووریا و عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) داناوە. بەرنامەکەی ئێران لە ڕێی بریکارەکانییەوە جێبەجێدەکرێت و بۆ وەلامدانەوەی هەر هێرشێکیش، ئیدارەی ئەمەریکا بڕیاری نارەنی کەشتیگەلی (ئەبراهام لینکۆڵن)ی بۆ کەنداوی عەرەبی ناردووە. ڕۆژنامە ئەمەریکییەکە لە زاری سەرچاوەکانییەوە ئاماژەی بەوەشکردووە کە هەفتەی ڕابردوو نهێنیی ئەو پیلانەی ئێران گەیشتووەتە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکی.

تورکیا... هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ دووبارە دەکرێتەوە

جەهەپە: بڕیارەکە نایاساییەو کودەتایە بەسەر ئیرادەی گەل

هەدەپە: دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان چ فەرمانێک لە دەسەڵاتەوە بێت ئەوە جێبەجێ دەکات

ئەردۆغان: بڕیارەکە دیموکراسییمان بەهێز دەکات



خەبات: ریکان سەباح

دوای بڕیاردانی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵ، کاردانەوەکانی ناو تورکیا لەپەرەسەندن دایە، سەرۆکی گشتی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لە لێدوانێکدا رایگەیاندووە، کە وێڕدانی نەتەوە بەدووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا، خوێنی لێ دەچۆرێت، ئەم پەیامە کاریگەری زۆری لەسەر میدیای تورکیا دانەوە، چاودێرانی سیاسی لەوبارەیەوە، رایانگەیاندووە بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا، رادەستنەکردنی دەسەڵات لەلایان ئەکپارتی و حزبەکەی ئەردۆغان بەتەواوی بۆ خەڵکی تورکیا دەرکەوت، ئەمەش مەترسی لەسەر تورکیا زیاتر دەکات بەئاراستەی شەری ئالوگۆڕی دەسەڵات".

جەهەپە: وێڕدانی گەل خوێنی لێ دەچۆرێت

سەرۆکی گشتیی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، کەمال کلیچدارئۆغلو لەبارەی بڕیارەکەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ رایگەیاند "وێڕدانی گەل خوێنی لێ دەچۆرێت، وێڕدانی ئێمەش خوێنی لێ دەتکێت. ئەوەی کە لەبەرامبەر نادادیدا بێدەنگ بێت شەیتانی بێ زمانە، ئەگەر نادادیی هەبێت، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی ئەرکی ئەخلاقیی ئێمەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە هاوواڵتیان لەسەر سندوقەکان دەنگیان بۆ دیموکراسی، یاسا، دادپەروەری و کاندیدی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستانبوڵ، ئەکرەم ئیمامۆغلو داوە و ڕاشیگەیاند، دەسەڵات کە شکستی شارەکانی دیکەی قبوڵکردووە لە هەڵبژاردنی ئیستانبوڵدا دەستیان بە پیلانگێڕان کردووە و گوتی: پیلان بۆچی؟ هەڵسان بە پیلانگێڕی بەرامبەر دیموکراسی و ئیرادەی گەل. لەگەڵ کێدا پیلانەکەیان گێڕا؟ لەگەڵ هەندێ بەناو دادوەر لە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان بەیەکەوە ئەو پیلانەیانگێڕا. نازانم شەرم لە دیموکراسی دەکەن. نازانم کاتێک لەگەڵ منداڵەکانیاندا ڕووبەڕوویان دەکەیتەوە تەماشای ڕوخساری منداڵانیان دەکەن. ئەوەش نازانم کە شەرم دەکەن لەوەی پێیان دەڵێن دادوەر، بەڵام ڕووی ڕاستیتان بۆ باس دەکەم، هەروەها فایەق ئۆزتراک، گوتەبێژی جەهەپە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەر لەو بارەیەوە ڕایگەیاند: بڕیارەکەی کۆمسیۆن کودەتایە بەسەر ئیرادەی گەل و بێدەنگیش نابین. هەروەها ڕێبەری پەرلەمانتارانی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا دەڵێت بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئیستەنبوڵ بڕیارێکی نایاساییە. موحەرەم ئینجە لە ڕێگەی تویتەرەکەیەوە تێڕوانینی خۆی لە بارەی بڕیار کۆمسیۆن خستەڕوو و نووسیویەتی: ڕوون و ئاشکرایە بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئیستانبوڵ هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. تەنیا فەرمانیان پێکراوە و ئەوانیش جێبەجێیانکردووە".

هەدەپە: 36 ڕۆژ ئەم گەلەیان فریودا

هەروەها هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزای تەمەللی ڕایگەیاند، دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان بە دڕێژایی36 ڕۆژ ئەم گەلەی فریودا و لە کۆتاییدا هەڵسا و بڕیاریدا بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ. دامەزراوەیەکی باڵای هەڵبژاردنەکان هەیە کە بووەتە دادنووسی کوتلەی ئاکەپەو مەهەپە و لە دەسەڵاتەوە چ فەرمانێک بێت ئەوە جێبەجێ دەکات. لە ئەو بڕیارە بە هەنگاوێکی گرنگ دەبینین کە دەستەبەری هەڵگرتنی سێبەری سەر هەڵبژاردنەکانی ئیستانبوڵ دەکات و دیموکراسییمان بەهێز دەکات. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گوتیشی: هیوادارین بڕیارەکەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبارەی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئیستانبوڵ بێتە مایەی خێروخۆشی بۆ گەل و وڵات و ئیستانبوڵ. ئەو بڕیارە وەک ڕاستترین هەنگاو دەبینین کە داوەری بۆ ئیرادەی گەل جێدەهێڵێت و بەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان وەک سیاسییەکان ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهێز دەکات لەناو کەشێکی دیموکراسی و یاسایی. لەهەنگاوێکیشدا وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، پارێزگاری ئیستانبوڵ، عەلی گوتارێکدا کە لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا پێشکەشی کرد، سەبارەت بە بڕیاری دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی ئیستانبوڵ، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند: دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان بە دڕێژایی 36 ڕۆژ ئەم گەلەی فریودا و لە کۆتاییدا هەڵسا و بڕیاریدا بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ. دامەزراوەیەکی باڵای هەڵبژاردنەکان هەیە کە بووەتە دادنووسی کوتلەی ئاکەپەو مەهەپە و لە دەسەڵاتەوە چ فەرمانێک بێت ئەوە جێبەجێ دەکات. تەمەللی وەبیرشی هێنایەوە کە دوای تێپەڕینی هەشت ساڵ دووی ئایار پارێزەر لەگەڵ ئۆجالان چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە و گوتی: لەگەڵ ئۆجالان چاوپێکەوتنێکی یەک کاتژمێری ئەنجامداوە. هەنگاوکی دواکەوتوو و کەم و کورتە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە دەکرێت بڵێین ئەرێنییە. پێویستە ئەمە لێردا نەمێنێتەوە. پێویستە ئەمە دەستەبەرێکی یاسایی پێبدرێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەردا پێ ئەنجامبدرێت. پێویستە جارێکیتر ئەم ئومێدەی تورکیا نەکوژێنرێتەوە.

ئەردۆغان: بڕیارەکە دیموکراسییمان بەهێز دەکات

سەرکۆماری تورکیا و سەرۆکی گشتیی ئاک پارتی، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، هەڵبژاردنەکان لەبارەی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئیستانبوڵ بێتە مایەی خێروخۆشی بۆ گەل و وڵات و ئیستانبوڵ. ئەو بڕیارە وەک ڕاستترین هەنگاو دەبینین کە داوەری بۆ ئیرادەی گەل جێدەهێڵێت و بەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان وەک سیاسییەکان ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهێز دەکات لەناو کەشێکی دیموکراسی و یاسایی. لەهەنگاوێکیشدا وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، پارێزگاری ئیستانبوڵ، عەلی یەرلیکایای وەک بریکاری سەرۆکی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵ ڕاسپارد.

ئیبیی پارتی: حساب نەکردنە بۆ ئیرادەی هاوواڵتیان

لای خۆیەوە سەرۆکی گشتیی ئیبیی پارتی، مێرالّ ئاکشەنەر لەبارەی بڕیاری دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی لە ئیستانبوڵ گوتی: ئەم بڕیارە تەنها حساب نەکردن نییە بۆ ئیرادەی ئەو هاوواڵتیانەی دەنگیان بە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن داوە، بەڵکو ئەم بڕیارە حساب نەکردنیشە بۆ ئیرادەی ئەو هاوواڵتییانەی کە ڕێزیان لە ئەنجامەکە گرتووە و دەنگیشیان بە ئاک پارتی و مەهەپە داوە. لە میانی پێشکەشکردنی وتارێکدا لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕەخنەی لە بڕیاری دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا گرت لەبارەی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گەورە شارەوانی ئیستانبوڵ و گوتی: لە کاتێکدا ئیرادەی گەل زەوت دەکرێت شەرم لە بێ دەنگی میدیا، سیاسەتمەداران و ئەو یاساناسانە دەکەم کە فەرمان لە سیاسییەکانەوە وەردەگرن. شەرم دەکەم کە سەرۆکی گشتی پارتێکم و لە سەدەی 21دا ناچارم بەدوای دیموکراسییدا بگەڕێم. شەرم دەکەم لەوەی کە خۆیان لە دەوڵەمەندیدا دەگوزەرێنن و ئەو گەلەشی ئیرادەی زەوتکراوە بەناچاری ڕووبەڕووی بڕسێتی و هەژاریی بووەتەوە.

لە هەڵبژاردنەکاندا چی شتێک دووبارە دەکرێتەوە؟

بەپێی بڕیارەکە، هەڵبژاردنەکان کە سەرلەنوێ ئەنجامەدرێنەوە، لەبەر ئەوەی دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵبژاردنە و درێژەیەتی، تەنها پرۆسەی دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە. ئەو پارتانەی کە بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی 31ی ئاداری 2019دا کردووە، دەتوانن بەشداریی لەم هەڵبژاردنەدا بکەن. هەروەها پارتە سیاسییەکان ناتوانن دووبارە کاندید دەستنیشان بکەن بەڵام ئەو بۆشاییانەی کە بەهۆکاری مردن یان بەهۆکاری دەستلەکارکێشانەوە دروست دەبن، تا ئەو بەروارەی کە لقەکانی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن دیاریدەکەن، دەتوانرێت پڕبکرێنەوە. لە چاپکردنی پسوڵەی یەکگرتووی دەنگداندا ئەو بنەمایانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی 31ی ئاداری 2019دا جێبەجێکراون، بە هەمانشێوە جێبەجێدەکرێنەوە.

ئەکرەم ئیمامۆغلۆ: ئیدانەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەم



ئەکرەم ئیمامۆغلۆ کە دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری دا ئەو بەڵگەنامەیەی وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ بە ناوبراوی دا هەڵبوەشێنێتەوە؛ لەبارەی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی گەورەشاری ئیستانبوڵ، ڕایگەیاند: هەر ڕۆژە و بە تانە و پاساوی جیا جیا هەوڵیان دا دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و هەڕەشەی لێ بکەن. بۆ ئەوەش چۆکی دادا. ئیدانەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەم. گوتیشی: داوای دەنگ لە ئەندام و لایەنگرانی ئیبیی پارتیش دەکەم کە لەم شارەدا هاوپەیمانین. داوای دەنگ لە هاوشاریانم کە ئەندام و لایەنگری پارتی سەعادەت، ئاک پارتی و مەهەپەن دەکەم، دەنگم پێ بدەن. داوا لە خوشک و براکانی هەدەپەش دەکەم دەنگم پێ بدەن. ئەکرەم ئیمامۆغلۆ باسی لەوەش کرد کە ئەم هەڵبژاردنەیان بە ئارەقەی نێوچاوانی ملیۆنەها کەس بردووەتەوە، بەڵام هەوڵ دەدرێت ئەو هەڵبژاردنەی تیایدا سەرکەوتووبوون 31ی ئادار، لێیان زەوت بکەن و ڕەنجیان بدزن. ئەکرەم ئیمامۆغلۆ ڕاشیگەیاند: گورزێکی توند دراوە لە دیموکراسیمان. پێویستە هەموو پێکە ئەم قۆناغە چاک بکەینەوە و چارەسەری بکەین. بێگومان کاردانەوەمان هەیە لەسەر قۆناغەکە. سەرۆکی گشتیمان لە کۆبوونەوەی فراکسیۆندا بەڕوونی قۆناغەکە باس دەکات. پێویستە ئەوە بە گەلەکەمان و ئیستانبوڵەکەمان بڵێم کە لە ڕاستیدا هەموو شتێک زۆر جوان دەبێت. هەموو پێکەوە زۆر سەرکەوتوو دەبین. هەم بەناوی دیموکراسی و هەم بەناوی ئیستانبوڵەوە.

وشەی کوردستان لە تورکیادا دەبێتەوە بە بابەتی ڕۆژ

پەرلەمانتارانی هەدەپە: کوردستان ڕاستییەکی مێژوویییە



/K24

لە تورکیا جارێکی دیکە بەکارهێنانی وشەی کوردستان و جوگرافیای کوردستان، دەبێتە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕ. پەرلەمانی تورکیا وشەی کوردستان، ناوچە کوردییەکان، هەرێمی کوردی قەدەغە کردووە و لەم ڕووەشەوە پەرلەمانتارانی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، نارەزایەتیی توند دژی سەرۆکایەتیی پەرلەمان نیشان دەدەن و دەڵێن "کوردستان ڕاستییەکی مێژوویییە". زیاتر لە ساڵێک پێش ئێستا لە پەرلەمانی تورکیا بەکارهێنانی وشەی کوردستان قەدەغە کرا و بۆ ئەو پەرلەمانتارانەش کە وشەی کوردستان بەکاربێنن، سزا دیار کرابوو. لەبەرامبەر ئەو بڕیارەشدا عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە لەناو پەرلەمان ڕایگەیاند: من لە کوردستان هاتووم و کوردستان لەناو دڵم دایە. ئەمەش کاردانەوەی لێ کەوتەوە. بۆیە پەرلەمانتارانی هەدەپە پێشنیازێکیان دایە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی تورکیا، کە بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لە وشەی کوردستان و شار و شارۆچکەکانی بکرێت، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان ڕەتکرایەوە.

حوسێن کاچماز، پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند: دەسەڵاتی ئاکەپە جارێکی دیکە نیشانی دا، کە هەموو کات دژی کورد و کوردستانە، بەڵام هەرچی دەبێت با ببێت، ئێمە هەر دەڵێین کوردستان هەیە و هەر دەشمێنێت. ئەو پرسە لەلایەن ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بووەتە مژاری گەرم و سەرۆکی کۆمەڵەی IHD دەڵێ: پەرلەمانی تورکیا مێژووی وڵاتی خۆی نازانێت، ئەگەر ئەوان مێژوو بخوێننەوە، دەزانن کورد و کوردستان هەیە.

سبەی دانوستانە بازرگانییەکانی نێوان ئەمەریکا و چین دەستپێدەکاتەوە

نوێنەری بازرگانی ئەمەریکا، ڕۆبێرت لایتهایزەر ڕایگەیاند کە سبەی پێنجشەممە دانوستانە بازرگانییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ چیندا لە واشنتۆن دەست پێ دەکاتەوە. ئاڤانسی هەواڵنێری ئەسۆشیەتیید پرێس بڵاویکردەوە، ڕۆبێرت لایتهایزەر لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هەڕەشەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لەبارەی زیادکردنی باجی گومرکی بەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چین، ڕۆژی هەینی داهاتوو دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

هاوکات لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی بازرگانی چین بڵاویکردووەتەوە کە هەردوو ڕۆژی پێنجشەممە و هەینی داهاتوو لێژ هی گەورە ڕاوێژکاری سەرۆکی چین بۆ کاروباری ئابووری بە مەبەستی بەشداریکردن لە 11هەمین خولی دانوستانە بازرگانییەکان لەگەڵ ئەمەریکادا لە واشنتۆن دەبێت. ڕۆژی دووشەممەی ڕابردووش وەزارەتی دەرەوەی چین ڕایگەیاندبوو کە ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی دانوستانە بازرگانییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمەریکادا دەست پێ بکاتەوە. سێ ڕۆژ لەمەوبەریش دۆناڵد ترمپ لە تویتێکدا ڕایگەیاندبوو کە لە میانی ئەم هەفتەیەدا، باجی گومرکی لەسەر کەلوپەلە هاوردەکراوەکانی چین لە 10 بۆ 25 لەسەدا زیاد دەکات و ئاماژەی بەوەشدابوو کە دانوستانە بازرگانییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ چیندا، زۆر بە سیستی بەڕێوەدەچێت.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/5/8 ژمارە (5745)

ئیسرائیل زانیاری هەواڵگری بە ئەمەریکا داوە.. ئێران بەنیازی هێرشی سەربازییە

ئێران: ئیشی ئەمەریکا نییە تێکەڵ بە هەموو پێشکەوتن و جموجۆڵێکی سەربازی ئێران بێت

رۆژنامەیەکی ئەمەریکی: ئێران دەیەوێ لەناو خاکی عێراقەوە هێرش بکاتە سەر پێگە و بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا

ئاژانسێکی ئێرانی: هێزە چەکدارەکانی ئێران بەچڕی چاودێری جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە دەکەن



ئا: خەبات- ل. بەدواداچوون

رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی عێراق و سوریا و نیمچە دوورگەی عەرەبی بەتایبەتی دەبنە چەقی ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا، لەنوێترین رووداوەکانیش ئاشکرابوونی پلانە سەربازییەکانی ئێران لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکان و کاردانەوەکان پرس و باسی گرنگی میدیا جیهانییەکانن.

رۆژنامەی (Wall Street Journal) ئاشکرای دەکات کە هەواڵگری ئەمەریکا هەندێک زانیاری هەواڵگریی دەستکەوتووە ئاماژە بەوە دەکەن ئێران بەنیازی هێرشکردنێکی لەناکاوە بۆ سەر پێگە و سەربازگە ئەمەریکییەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

ئەو رۆژنامەیە لەزاری چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی ئەو هەواڵەی گواستۆتەوە کە زانیارییان بەدەست گەیشتووە ئێران دەوێت لەناو خاکی عێراقدا هێرش بکاتە سەر بنکە و پێگە سەربازییەکانی ئەمەریکا، هەروەها ئەگەری ئەوەشیان لەبەرچاوگرتووە کە بەهەمانشێوە لەناو خاکی سوریاوە هێرشی ئاسمانی بکرێتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هەواڵگری ئەمەریکا کەوتووەو رۆژنامەکە بەشێکی لێ بڵاوکردۆتەوە ،ئێران بەنیازی ئەوەیە لە زۆرترین ئەو شوێنانەی هێزە ئەمەریکاییەکان بنکەو بارەگایان دامەزراندووە هێرش بکاتە سەریان و لەوانەیش گەروی باب المندب لە نزیک یەمەن و کەنداوی عەرەبی، کە ئەوەی دووەمیان بەپێی زانیارییەکانی ئەمەریکا هێرشی ئاسمانی دەبێت و لە رێگەی فرۆکەوانەوە شیمانەی ئەو هێرشانە دەکرێت.

زانیارییە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا ئاماژەیان بۆ هێرشێکی دیکەی نامۆ کردووە، کە پێشتر مەترسییان لەو شوێنە نەبووەو باس لەوە دەکەن کۆماری ئیسلامی ئێران پلانی هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگا سەربازییە ئەمەریکاییەکانی هەیە لە کوێت، کە ئەوەیان بەلای دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا بە نامۆ و تازە وەسفکراوە.

رۆژنامە ئەمریکییەکە ئەوەش روون دەکاتەوە کە هێشتا دڵنیانین ئەو زانیارییە هەواڵگرییانە تەنها بۆچوون و زانیاری گریمانەکراوی هەواڵگرین یاخود لە راستیدا پلان و بەرنامەی سوپای پاسدارانی ئێرانە بۆ هێرشکردن و ترساندنی ئەو بنکە سەربازیانەی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەوپێیەی لە ئێستا پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە نزمترین ئاست و باشترین وایە بگوترێت لەخراپترین بارودۆخدایە هەردوولا هەڕەشەی توند ئاراستەی یەکتری دەکەن.

لەلایەکی دیکە چەند سەرچاوەیەکی سەربازی ئاماژەیان بۆ داواکارییەکی ژەنەراڵ کینیت ماکینزی سەرۆکی فەرماندەیی ناوندیی ئەمەریکی کردووە، کە دوای دەستکەوتنی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانە لەبارەی مەترسی هێرشکردن و پلانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران داوای کردووە چەندین یەکەی دیکەی سەربازی و هەواڵگری بۆ زیادبکرێت.

هێرشێکی دیکەی نامۆ کردووە، کە پێشتر مەترسییان لەو شوێنە نەبووەو باس لەوە دەکەن کۆماری ئیسلامی ئێران پلانی هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگا سەربازییە ئەمەریکاییەکانی هەیە لە کوێت، کە ئەوەیان بەلای دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا بە نامۆ و تازە وەسفکراوە.

رۆژنامە ئەمریکییەکە ئەوەش روون دەکاتەوە کە هێشتا دڵنیانین ئەو زانیارییە هەواڵگرییانە تەنها بۆچوون و زانیاری گریمانەکراوی هەواڵگرین یاخود لە راستیدا پلان و بەرنامەی سوپای پاسدارانی ئێرانە بۆ هێرشکردن و ترساندنی ئەو بنکە سەربازیانەی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی دیکەوە ئاژانسی هەواڵیی (ئیکسۆس)ی ئەمەریکی رۆژی دووشەمەی رابردوو باسی لەوە کردووە کە ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی گەیشتوونەتە ئیدارەی سەرۆک ترامپ لەلایەن ئیسرائیلەوە بەدەست هاتوون و مەترسی پلان و بەرنامە سەربازییەکانی ئێران لەناوچەکە و بەتایبەتیش بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لەلایەن ئەوانەوە ئاشکرا کراوە.

ئەو ئاژانسە دەشڵێت: زانیارییەکان رۆژێک بەر لە لێدوانەکەی جۆن بۆڵتون راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دۆناڵد ترامپ، نێردراوە بۆ کۆشکی سپی و ئەوەیش وایکردووە سەرۆکی ئەمەریکا بە پەلە بڕیاری ناردنی لەبەرانبەر ئەو داواکارییەشدا ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترامپ دەیەوێت چەند فرۆکە هەڵگرێکی دەریایی لە جۆری چوار و شەش موشەکیی ڕەوانەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بکات و بەدووریش نازاندرێت کە سیستەمی موشەکیی پاتریۆت ڕەوانەی ناوچەکە بکرێت.

جێگەی ئاماژەیە رۆژی یەکشەمەی رابردوو وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رایگەیاندبوو کە فرۆکە هەڵگرە دەریاییەکانی دەنێرێتە کەناراوەکانی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرش و پەلامارێکی ئێرانی بۆ سەر بنەکە و پێگە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی دیکەوە ئاژانسی هەواڵیی (ئیکسۆس)ی ئەمەریکی رۆژی دووشەمەی رابردوو باسی لەوە کردووە کە ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی گەیشتوونەتە ئیدارەی سەرۆک ترامپ لەلایەن ئیسرائیلەوە بەدەست هاتوون و مەترسی پلان و بەرنامە سەربازییەکانی ئێران لەناوچەکە و بەتایبەتیش بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لەلایەن ئەوانەوە ئاشکرا کراوە.

ئەو ئاژانسە دەشڵێت: زانیارییەکان رۆژێک بەر لە لێدوانەکەی جۆن بۆڵتون راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دۆناڵد ترامپ، نێردراوە بۆ کۆشکی سپی و ئەوەیش وایکردووە سەرۆکی ئەمەریکا بە پەلە بڕیاری ناردنی سیستەمی موشەکی و فرۆکە هەڵگرە دەریاییەکان بدات بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ئەو ئاژانسە لە سەرچاوەیەکی ناو حکوومەتی ئیسرائیلەوە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت: تا ئێرەش بۆ ئێمە زۆر ڕوون نییە کە ئێرانییەکان دەیانەوێ چی بکەن و چۆن ڕووبەڕووی ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ببنەوە، بەڵام بەروونی ئەو بارگرژیی و ناسەقامگیرییەی لەنێوان هەردوو وڵاتدا لەو ناوچەیە دروەست بووە، پەلامار و هێرشی ئێرانییەکانی بەدەوادایێت بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی.

ئیکسۆس ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەم زانیارییانە لەلایەن دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی و چەند دەزگایەکی دیکەوە بەدەست هاتوون و ئەوەیش هۆکاری سەرەکی ئەم بڕیارەی ئەمەریکایە، کە دوو حەفتە پێشتر لە وتووێژ و کۆبوونەوەی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا قسەو باسیان لەبارەوە کراوە.

لەنوێترین کاردانەوەی ئێراندا، دەزگا میدیاییە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە دوێنێ بڵاویانکردەوە کە ئێران لە بەشێکی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا پاشگەز دەبێتەوە، کە ساڵی 2015لەنێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزاکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەست دەکاتەوە بە کارکردن لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو لەشکرکێشییەی ئەمەریکا بۆسەر رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئاژانسی هەواڵی (گلبە)ی ئێرانی لە سەرچاوەیەکی نیمچە فەرمی بڵاویکردۆتەوە کە رۆژی دووشەمەی رابردوو ئێران بڕیاری داوە ئەمڕۆ چواڕشەمە بە فەرمی رایبگەیەنێت کە لە بەشێکی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکشێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش بە شێوەیەکی نافەرمی سەرکردەو هەندێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپای لەم بڕیارەی ئاگادار کردۆتەوە، کە ئەوەیشی بە کاردانەوەی هاوشێوە لەبەرانبەر هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەقەڵەم داوەو ئاشکراشیکردووە کە پەرەپێدانی موشەکەکانی لەدوای ڕووخان و لەناوچوونی داعش کەوتوونەتە دەست هێزە عیراقییەکان لە کەمپەکان کۆکراوەتەوەو لێپرسینەوە و چاودێری دەکرێن بەمەبەستی جیاکردنەوەی ئەوانەی بەشداری تاوان و کردەوە دڕندانەکانی داعشیان کردووە، لەگەڵ ئەو ژن و منداڵانەی بەبێ خواستی خۆیان کەوتوونەتە ئەم بارودۆخە یاخود لەلایەن چەکدارەکانی داعشەوە بەزۆر ڕفێندراون و ناچار بەمانەوە کراون لەریزەکانی داعشدا.

بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایانگەیاندووە کە پلانەکە کاریگەریی لەسەر ژیانی نزیکەی 250 هەزار کەس دەبێت، بۆیە هیومان رایتس وۆچ پێیوایە ئەگەر ئەو پێشنیازەی حکوومەتی عێراق جێبەجێ بکرێت ئەوا دژبە یاساکانی عێراقیشە.

فەقیە لەوبارەیەوە دەشڵێت: حکوومەتی عێراق دەیەوێت ئاشتی بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی دابین بکات، بەڵام پێویستە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بێ ئەوەی باری منداڵان و ئەو ژنانە قورس نەکات کە تاوانییان نەکردووە.

عێراق بەنیازی دەستگیرکردنی 280 هەزار کەسە

هیومان رایتس وۆچ هۆشداری دەداتە حکوومەتی عێراق:

ئەو خێزانانە دەستگیر مەکەن کە تاوانیان نەکردووە

ئەو ژنانەی بەشداری تاوانەکانی داعشیان کردووە لەگەڵ ئەوانەی ڕفێندراون جیا دەکرێنەوە

خەبات: هەولێر

هیومان رایتس وۆچ هۆشداریی دەداتە حکوومەتی عێراق لەوەی ئەو پلانەی کە هەیەتی و لە ڕێگەیەوە بەنیازە خێزانی داعشەکان دەستگیر بکات، دەستبەرداری ببێت، چونکە ئەوە بەپێی قسەکانی جێگری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوەکە، لوما فەقیهە : دژبە یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی عێراقیشە.

هیومان رایتس وۆچ دەڵێت: بەپێی پلانەکەی عێراق 280 هەزار کەس دەستگیردەکرێن و دەبێت عێراق واز لەو پلانە بهێنێت.

ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات ئەو پلانە ڕەت بکاتەوە و دەستبەرداری ببێت کە لە ڕێگەیەوە چەندین خێزانی عێراقی بەشێوەی نایاسایی دەستبەسەرکردووە لەوانەی پێشبینی دەکرێت کەسەکانییان سەر بە گرووپی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش بن، بەتایبەت کە لە سەرەتای 2019 لێژنەی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی لەعێراق پێشنیازێکی داوەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و داوا دەکات نزیکەی 280 هەزار کەس کە زۆرینەی ژن و منداڵن دەستگیربکرێن.

د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی عیراق لە مانگی ڕابردووی ئەمساڵ ڕایگەیاندبوو، کە ئامادەکاری دەکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خێزانە عیراقییانەی لە سوریا لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات لە شەڕی دژبە داعش دەستگیر کرابوون و کەسوکاری چەکدارە عیراقییەکانی ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوون. عەبدولمەهدی لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بەوەش کردبوو کە ئەو ژن و منداڵانەی بە ڕەچەڵەک عیراقین و لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش بوونە، دەبێ لەچەند کەمپێک و لەژێر چاودێری چڕی ئەمنی دەستبەسەر بکرێن.

جێگری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، لوما فەقیهە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە: پێشنیازی حکوومەتی عێراق بە زیندانیکردنی خێزانی ئەندامانی داعش تەنها پێشێلکاریی دژبە یاسای نێودەوڵەتیی نییە، بەڵکو لەگەڵ ئامانجەکانی حکوومەتی عێراقیش ناگونجێت، کە بەدیهێنانی ئاشتەواییە لە نێوان خەڵک لە دوای داعش، بۆیە دەستبەسەرکردنی ئەو خێزانانەی تاوانییان نەکردووە شێوەیەکە لە سزادانی بەکۆمەڵ.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن کە ئەو ژن و منداڵانەی بالیستییەکانی ئێران بەشێک نییە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و هاوپەیمانەکانییەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئیشی ئەمەریکاش نییە تێکەڵ بە هەموو پێشکەوتن و جموجۆڵێکی سەربازی ئێران بێت.

لە نوێترین زانیارییەکانیش سەبارەت بەو بارگرژییەی لەناوچەکە دروست بووە، ئاژانسی (تەسنیم)ی ئێرانی لەسەر زاری وتەبێژی ئەنجوومەنی بالای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کەیوان خوسەوی بڵاویکردەوە، هێزە چەکدارەکانی ئێران بەچڕی چاودێری جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەکەن لەناوچەکە.

کیوان خوسرەوی دەشڵێت: ئەو هەنگاوەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەیهاوێژێ جەنگێکی دەروونییە دژ بە ئێران و بەشێکە لەو شکەستە سەربازییە بەردەوامەی سوپای ئەمەریکا لە جەنگ و ململانێکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەدووریشی دەزانین کە سەرکردە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکا حەزی ئەوەیان هەبێت خۆیان لە بەرانبەر سوپای ئێران تاقیبکەنەوە.

• Assist Field Management and Erbil Management in the development of risk based HSE plans for field with accompanying budgets. • Contributes to the definition of annual HSE KPIs and provide to the HSE Manger ongoing evidence of compliance. • Guides development and implementation of interventions where performance deviates from plans applying the ALARP principal. • Support the development and implementation of site Safe Systems of Work (including PTW system) and provide training as required. • The subject matter expert in SSoW in the Tawke Field. • Support the development and implementation of annual learning plans for National HSE positions. • Develops and is custodian of the site HSE training matrix working jointly with Field management Team to ensure compliance with training and competence goals. • Develops, encourages and implements a SAFE (safety observation) reporting and close out register ensuring field staff are engaged and support the program. • Works with field management team and HSE in Erbil to develop and deliver a documented field based audit and review program (using external resources where agreed) in addition to informal site HSE inspections and walk arounds. Crisis management • Develops and implements (with field management) the DNO Level 1 emergency management plan. • Delivers a robust and practiced level 1 emergency team (including on scene commanders) through a documented system of drills both table top and practical. Managing Contractors **Required Qualifications & Experience:** • Graduate with a technically relevant degree or industry equivalent such as Nebosh Diploma. • 10 - 15 years in oil and gas and/or petrochemical industry. • Preferred 5 years in similar role with demonstrated performance delivery.

Notes for interested Candidates
• Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no). • Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خوێدنی
ژمارە : ٨٦٧
ریکەوت : ٢٠١٩/٤/٢٤
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حسین صالح امین) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢١٠٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان
من پارێزەر (چۆمان محمد علی) کە بەپێی کۆنوسی (کۆمپانیای جبار سعید علی بۆبازرگانی گشتی /پرۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢ دا بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
پارێزەر / چۆمان محمد علی
٠٧٧٠١٤٨٦٦٧٧

***

دادگای باری کەسێتی چەمچەمال
ژمارە: ٥١٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/٦
ئاگاداری
داواکار: رزگار عثمان اسماعیل
داوالێکراو (ادیتا ماریا جیتا) کە نێستا ناو و ناونیشانت نادیارە
داواکار رزگار عثمان اسماعیل داوایەکی بەژمارە (٥١٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت و لەم داوایەدا هاتووە کە تێدا داوای (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارت بکاتەوە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژنامەی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠١٩/٥/١٢ کاتژمێر ٩ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادەنەبێت خۆت یان بریکارێك نەنێریت ئەوا دادگا داواکە دەبینێت بەپێی یاسا.
دادوەر/

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:١٤١٧/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
جارِدان
بۆ داوالێکراو (لقمان مصطفی ابراهیم)،
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ایمان حمادی عبدلله) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە ١٤١٧/ش/٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (تفریق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشکاری مختاری (هەولێر- هەڤالان) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/٩) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٣٩/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٤/٨
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (ابراهیم احمد امین)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشکاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٤٧٧ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبیت دادگایی دەکرێت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە حکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ١٠٣/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٤/٨
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (ئامانج علی محمد سعید)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشکاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٢٣ لەیاسای هاتووچۆ وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبیت دادگایی دەکرێت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە حکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٢٨/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (حمەصالح محمد احمد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشکاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٤٤٦ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادە نەبیت دادگایی دەکرێت بە پاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبیت پاڵپشت بە حکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٧٥٢/ج/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٤/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: قانعە مراد رسول
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کێوەڕەش) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٧ لەبەردەم دادگاکەمان نامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ نامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامە

***

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٣٢٨/ج/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سرهد اسماعیل محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کێوەڕەش) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/١ لەبەردەم دادگاکەمان نامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ نامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامە

KURDISTAN PARTNER/REPRESENTATIVE

An International Technical Training Company is looking for a Partner/ Representative in Erbil in order to expand their business in Kurdistan

Please submit a detailed cv with photograph in confidence at the earliest to:
kurd@haward.org

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە:٦٦٣٨/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/٧
ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٥٩ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە (١٦٧/٨ ك ٤٥ وارش) و بەشێك لەڕێگای گشتی ژمارە (١٥٩/٣٨٥٦ ك ٤٥ وارش) .. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆڕینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٢٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دێکان) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کومپانیان دهوك
بەشێ کومپانییێن نیشتیمانی
ژمارە / ٢١٣٨
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٥/٧
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سنوردار)
پالپشت بە ناوەرۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڕێگای ئایندەی زوو) بۆ (بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی گوزار وکشتوکال وپێشەسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٧ تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لە ژێر پاکتاوکردن ودانانی بەڕێز (سوزان حسین سلیمان) بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبراو
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان دهوك بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بە مەرجێك بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧
شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان / دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کومپانیان دهوك
بەشێ کومپانییێن نیشتیمانی
ژمارە / ٢١٣٩
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٥/٧
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سنوردار)
پالپشت بە ناوەرۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دیترۆنیك) بۆ (خزمەتگوزاری تەکنیکی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٧ تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لە ژێر پاکتاوکردن ودانانی بەڕێز (سوزان حسین سلیمان) بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبراو
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان دهوك بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بە مەرجێك بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧
شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان / دهوك

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (دیترۆنیك) بۆ (خزمەتگوزاری تەکنیکی / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای دهوك
پاکتاوکار / سوزان حسین سلیمان
ناونیشان / دهوك - گرێ باصێ
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٤٢٤٩٣٢٨

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ڕێگای ئایندەی زوو) بۆ (بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی گوزار وکشتوکال وپێشەسازی / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافیکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پاریزگای دهوك
پاکتاوکار / سوزان حسین سلیمان
ناونیشان / دهوك - گرێ باصێ
ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٤٢٤٩٣٢٨

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1918:
لە جەنگی یەکەمی جیهاندا نیکارگوا شەڕی لە دژی نەمسا و مەجەر و ئەڵمانیا راگەیاند .



ساڵی 1921:
حکومەتی سوید سزای لەسێدارەدانی قەدەغە کرد .



ساڵی 1968:
حکومەتی ژاپۆن رایگەیاند نەخۆشی ئیتای ئیتای کە لە شاری تۆیاما بڵاوبۆتەوە پەتایە .



ساڵی 1984:
معەمەر قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیا دووچاری هەوڵێکی تیرۆرستی بووەوە.



ساڵی 2008:
پەرلەمانی ڕووسیا رازی بوو بەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران بە ڤلادیمێر پوتن بدرێ .



ساڵی 2018:
ترامپ کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند .

چوون بەرەو ڕەگی تیرۆر





ساپیر حوسێن
لە دوای هاتنی دۆنالد ترامپەوە بۆکۆشکی سپی، ئەمریکاو جیهان گۆڕانکاری نەوعییان بەخۆوە بینیوە، کە هەندێک ئەمە بەقۆناغی دیکتاتۆری ئەمریکا دەخوێننەوەو هەندێکی دیکەشیان ئەوە بە ستراتیژی نوێ زلهێزەکانی جیهان دەزانن.

بەردەوام ئەوەمان لە دۆنالد ترامپ چاوەڕێ کردووە، کە پیاوێکی خاوەن کرداڕە و هەرچی قسەیەک بیکات. دواتر جێ بەجێ دەکات. ترامپ بەڵێنی دا کە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشێنێتەوە، کە ئۆباما واژۆی کردبوو، بە کردار کاری جیدی بۆ کردو ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشاندەوە، ترامپ بەڵێنی دا دیواری ئاسنین لەگەڵ سنوری مەکسیک دروست بکات، دوای دیراسەتکردنی لەگەڵ کۆنگریس وا ئەنجامی دەدات. ترامپ بەڵێنی دا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشێنێتەوە، کە ئۆباما واژۆی کردبوو، بە کردار کاری جیدی بۆ کردو ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشاندەوە، ترامپ بەڵێنی دا دیواری ئاسنین لەگەڵ سنوری مەکسیک دروست بکات، دوای دیراسەتکردنی لەگەڵ کۆنگریس وا ئەنجامی دەدات. ترامپ جێ بەجێ دەکات. ترامپ بەڵێنی دا کە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشێنێتەوە، کە ئۆباما واژۆی کردبوو، بە کردار کاری جیدی بۆ کردو ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەڵوەشاندەوە، ترامپ بەڵێنی دا دیواری ئاسنین لەگەڵ سنوری مەکسیک دروست بکات، دوای دیراسەتکردنی لەگەڵ کۆنگریس وا ئەنجامی دەدات.

ترامپ بەڵێنی دا بالیۆزخانەی ئەمریکا دەبەینە قودس، سەرباری نارەزایەتی زۆر ئەو بەڵێنەشی بەجێگەیاند و ئەنجامیدا. ترامپ جەختی کردەوە کە بەتوندی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ئێران دادەنێن، ئەویشی ئەنجامدا. ئەمڕۆش وا بەرپاری داوە کە ناوی ئیخوان موسلمین دەخاتە لیستی تیرۆر و قەدەغەکراوەکان و پاسدارانی ئێرانی و ئیخوانی بە دوو ڕووی یەک دراو هەژمار کرد، بێگومان ئەو بەڵێنەشی بەجێ دەگەێنێ و ئیخوان دەخاتە لیستی تیرۆرەوە. چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە ئەمە پێشهاتێکی مەترسیدار دەبێت، چونکە سەرچاوەی دارایی و سیاسی و میدیای ئیخوانی جیهانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای وەکو بریتانیاو فەرەنساو سویسراو ئەڵمانیا و تەنانەت خودی ئەمریکاش خۆیەتی، بێگومان ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا بەرەو جێ بەجێکردنی ئەو بڕیارەی هەنگاو بهاوێژێ کە ئیخوان موسلمین بخاتە لیستی تیرۆرەوە و وەک پاسدارانی ئێرانی تەماشای بکات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەوە بەو مانایە دێ کە ئەمریکا چەند جیدیە لە بڕیارەکانی و چەندە بەقوڵی زانیاری هەیە لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە هەموو ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی وەک قاعیدەو داعش لە ڕەحمی ئیخوانەکان لەدایک بوونە. ئوسامە بن لادن دەرچووی قوتابخانەی ئیخوان بوو دواتر بەرەو ئەو ئاراستە تونده هەنگاوی هاویشت و دوو تاوەری هەرە گرنگی لە نیۆیۆرک و واشنتۆن تەقاندەوە. ئەم هەنگاوەی ئەمریکا بەو مانایە دێ، کە ئەمریکا گەیشتۆتە بنبڕکردنی ڕەگی تیرۆر لە ناوچەکەدا. ئەوانەشی لەبارەی ئیخوانەوە تۆژینەوەیان کردووە، لەو بڕوایەدان کەوا زۆرێک لە وڵاتانی جیهان لە پشت پەردەی ئیخوانەوە مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بەجێگەیاندووە، بەڵام هیچ کەس وەکو ئێران نەیتوانیوە ئیخوانەکان بۆ غەڕەزە سیاسییەکانی تەوزیف بکات و بەکاریان بهێنێ .



ئەمەریکا و سیاسەت، لە نێوان هەڕەشە و جیددیەتدا



یونس حەمەد – ئۆسلۆ

دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان ، جیهان دابەش بووە سەر دوو بەرە و ڕۆژئاوا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە ئەستۆی خۆی گرت، لەملاشەوە ڕۆژهەڵاتییەکان کەوتنە ژێر دەستی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و ڕووسیای ئێستا ، لێرەدا دوو بەرەی سیاسی و سەربازی دروست بوو. سیاسیەکە زیاتر بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوئێن) سەرپەرشتی دەکات ، بەڵام لەملاوە سەربازییەکە بە زەقی خۆی دەرخست ، هاوپەیمانی ناتۆکە ڕۆژئاواییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هاوپەیمانییان گرێدا، لەلایەکی دیکە هاوپەیمانی وارشۆ کە زیاتر ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لە خۆ گرتبوو بوونە بەرەیەک ئەگەرچی دواتر بە تایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت وێڕای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا، ئەوە وارشۆ زیاتر بە لاوازی بینرا ، بەڵام هەرچۆنێک هێزێکی تاراڕادەیەک کاریگەر بوو بۆ ڕاگرتنی (بالانس) لە داڕشتنی نەخشەکان چ سیاسی یان سەربازی ..ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین سیاسەتی ئەمریکایە لە جیهاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەتی ، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای ئێراقەوە ، بە ڕوونی بینرا بەوەی ئەمریکا ڕاستگۆیە لە سیاسەتدا و هەر زوو بڕیاری دەرکردنی سوپای ئێراقی لەناو خاکی کوێت دا، دواتر بە کردەوە و بە هەردوو خاڵی سیاسی و سەربازی جێبەجێیی کرد، سەرەتا لە نێو بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی یەکڕیزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی ڕژێمی ئەوکاتی ئێراقی دا، ئەوە بوو سەرەتا بە ئابلۆوقە دواتر بە زەبری هێز هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانانی سوپای ئێراقیان لە کەنداو وەدەرنا ، بەمەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چووە قۆناخێکی تازە لە پرسە سیاسی و سەربازییەکاندا.. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر دوای سەرکەوتنی لە جەنگی کەندواوی دووەمدا توانی هێزی خۆی بسەپێنێت چ لە بواری سیاسی یاخوود سەربازیدا ، بەمەش هەنگاوی بۆ سیاسەتێکی نوێ برد ئەویش ڕاستگۆیی لە سیاسەتدا ، واتا بە کردەوە بڕیارەکانی جێبەجێ کرد، دوای 2003 توانرا بە زەبری هێزی سەربازی تا ڕادەیەک تاکلایەنە ئەمریکا ڕژێمی بەعس و سەددامی ڕووخاند کە بۆ ماوەی 35 ساڵ لە بەغدا حوکمڕانیان دەکرد ، لێرەدا بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و بەشێوازێکی دیکە هێزی ئەمریکا هاتە نێو ناوچەی ئالۆزی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوەبوو بە کردەوە بووە دەسەڵاتی یەکەم لەم ناوچەیەدا ، لەلایەک بۆ بەرژەوەندی خۆی خاڵی دووەم بۆ پاراستنی هاوپەیمانانی لەهەر هێرشێکدا .. ئەگەرچی لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشتر کردەوەی تیرۆرستی بە زەقی بوونی هەبووە ، بەڵام لە دوای 2003 و بە تایبەت لە ناوەڕاستی 2014 کردەوە تیرۆرستییەکان جۆرەکەی گۆڕا بەرەو فراوانی هەنگاوی نا ، ئەگەر جاران تەنیا تەقینەوە بوون ، ئەمجارەیان شار و خاک کەوتنە دەست تیرۆرستان، نەوەک لە شوێنێکدا، بەڵکو لە چەندین شوێن و وڵات کاروباری خەڵکیان بەڕێوە دەبرد ، لێرەدا ئالۆزییەکان بەرفراوانتربوون، بۆ ئەم مەبەستە بەهۆی بوونی هێزی ئامادەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا یەکسەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی کەوتنە جوولە و تیرۆرستانی داعشیان لە هێلە ترسناک و بەرژەوەندییەکاندا دوورخستەوە.. پرسی ئەمڕۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و جیهاندا کۆماری ئیسلامی ئێرانە ، ئەگەرچی لەملا و ئەولا پرسی دیکەی وەک کۆریای باکوور و ڤەنزویلا بونیان هەیە، بەڵام بۆ ئەمریکا ئەمڕۆ ئێران گرینگترینە لەبەرچەند هۆکار ، یەک هەڕەشەی بەردەوامی ئێران بۆ وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت وڵاتانی کەنداو ، دووەم گرینگی ناوچەکە بۆ گشت جیهان چ هاوپەیمانی ستراتیژی ئیسرائیل یا ئەوەتا بوونی وزەیەکی یەکجار زۆر ، خاڵێکی دیکە پەیوەندە بە مێژووی 40ساڵەی ناکۆکی نێوانیان یاخود ڕوونتر ئاماژەی پێ بکەین لەوەتەی کۆماری ئیسلامی جلەوی دەسەڵاتیان گرتۆتە ئەستۆ و بەدیل گرتنی بارمەتە ئەمریکییەکان لە تاران .. اە کۆی ئەو شڕۆڤە و لێکۆڵینەوانەدا دەبینرێت بەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهەردوو باڵیەوە واتا کۆماریەکان یا دیمۆکراتەکان لە بنەڕەتدا یەک سیاسەت پەیڕەو و جێبەجێ دەکەن ئەویش یەکەم بەرژەوەندی گشتی ئەمریکا، دووەم پاڵیشتیکردن لە هاوپەیمانانیان لەهەر کوێیەک هەبن . دواجار ئەوەی پەیوەندە بەو گرژی و ئالۆزییەی ئێستای نێوان ئەمریکا و ئێران بە کردەوە دەستی پێکردووە و جیددیە و لەم بارەوە هەردوولا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کەوا هەڕەشەکان نەوەک هەر قسە بن، بەڵکو زۆر جیددین.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/5/8 ژمارە (5745)

پرۆفایل



فیدل کاسترۆ

ئەو شۆڕشگێڕەی نیو سەدە دژایەتی ئەمەریکای کرد

ئا: هەندرین شێرزاد

ئەو هەمیشە وەک شۆڕگێڕێک وەسف دەکرێ کە توانی بۆ ماوەی نیو سەدە بەرگەی ئەمەریکا بگرێ ، ئەو ئەمەریکایەی کە خۆی وەک وڵاتێکی ئیمپریالی لە قەڵەمی داوە . کاسترۆ ، تا دوایین سات خەباتی کرد لە پێناوی کۆتاییهێنان بە هەژموونی ئەمەریکا لەسەر کوبا . بە کورتی ئەو کەسێکە ڕووبەڕووی کات و مێژوو بۆتەوە، وەک چۆن ریچارد پیستونی نووسەری بەریتانی وەسفی کردووە.

شۆڕشی کوبا

دوای تەواوکردنی خوێندن، دوو ساڵ وەک پارێزەر کاری کردووە، ئەو کاتە ویستوویەتی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەی کاندید بکات، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کودەتایەکی سەربازی لە کوبا، هەڵبژاردنەکان دواخران و ژیانی سیاسیش لەو وڵاتە گۆڕانکاری بەسەر داهات .سەردەمێکی تازەی دیکتاتۆری کە کۆت و بەندی زۆری خستە بەردەمی میدیا و ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها کەوتە دوای دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی هەموو ئەوانەی دلسۆزیان پیشان نەدابوایە . ئەو کاتە گیانی بەرپاکردنی شۆڕشێک کەوتە هەناوی کاسترۆ، ئەوبوو هێزێکی شۆڕشگێڕی پێکهێنا و هێرشیان کردە سەر پێگەیەکی سەربازی بەڵام شکستی هێنا و 80 کەس لە ئەندامانی هێزەکەی کوژران و خۆی و چەند کەسێکی دیکەش دەستگیر کران و سزای 15 ساڵ بەندکردنیان بەسەردا سەپێنرا . دوای دوو ساڵ، واتە لە ساڵی 1955 لە بەندیخانە دێتە دەرو ڕوو دەکاتە مەکسیک، ئەو ویستی خۆی لە چاوی پیاوانی سەر بە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا دوور بخاتەوە کە لە وڵاتەکەیدا ژمارەیان زۆر بوو . لە مەکسیک چاوی بە دۆستە شۆڕشگێڕەکانی دیکە کەوت، لە نێویاندا ڕائولی براکەی . ئەو کاتە پلانیان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری پاتیستا دارشت و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی 26ی یۆلیۆشی دامەزراند و لەگەل جیڤاراش یەکتریان ناسی . لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سوپای کوبا پەیوەندیان بە کاسترۆوە کرد، ئەوەبوو لە یەنایەری 1959 توانیان کۆتایی بەو ڕژێمە بێنن و پاتیستای دکتاتۆریش وڵاتی بەجێ هێشت .

50 ساڵ دژایەتیکردنی ئەمەریکا

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاتیستا، کاسترۆ دەسەڵاتی کوبای گرتە دەست و وڵات بەرەو شیوعیەت چوو.

ئەمە ئەمەریکای تووڕە کرد، بۆیە هەوڵی دا بە هەر شێوەیەک بێ کۆتایی بە دەسەڵاتی کاسترۆ بهێنێ.

ئەمە نزیکەی 50 ساڵی خایاند و کاسترۆ 10 سەرۆکی ئەمەریکای بینی کە هەر هەموویان لەسەر هەمان بەرنامە بەردەوام بوون بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا .

بە گوێرەی زانیاریەکان، دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا 638 جار هەوڵی تیرۆرکردنی کاسترۆی داوە . کاتێک ئەمەریکا نەیتوانی کاسترۆ تیرۆر بکات، ڕووی کردە سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر کوبا، دواتر ئەمەش شکستی هێنا .

ئینجا هەوڵی دا لە ڕووی سەربازیەوە دەست لە کاروباری کوبا وەربدات، ئەوەبوو لە ساڵی 1961 ئەمەریکا هێرشی کردە سەر کەنداوی بەرازەکان و ویستی داگیری بکات .

شەڕی کەنداوی بەرازەکان

ئەمەریکا هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەم نەما و دەبوایە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بنێ بۆ لادانی کاسترۆ لە دەسەڵات، ئەوە بوو بڕیاری ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازی دا . دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا هەوڵی بەکارهێنانی ژمارەیەک بەکرێگیراو و ئەو کوبیانەی دا کە دوورخرابوونەوە و لە گواتیمالا مەشقی پێ کردن بۆ ئەوەی دواتر وەک هێزێک لە دژی دەسەڵاتی کاسترۆ بەکاریان بێنێ .

ڕۆژی 17ی ئادارى 1960 جۆن کینیدی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا بە پێشنیازەکەی سی ئای ئەی ڕازی بوو بەوەی کەنداوی بەرازەکان بکرێتە مەیدانی شەڕ، ڕۆژی 17ی ئەپریلی 1961 ئەو هێزانە لە ڕێگەی زەمینەوە هێرشیان دەست پێکرد بەڵام کاسترۆ پێشوەخت ئاگاداری ئەو جموجۆلە بوو بۆیە خۆی ئامادە کردبوو، بۆیە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا هێزەکانی کوبا شکستیان بە هێزە هێرشبەرەکان هێنا .

دووركەوتنەوە

ڕۆژی 18ی فێبرایەری 2008 فیدل کاسترۆ میللەتەکەی خۆی و جیهانیشی شۆک کرد، کاتێک دوورکەوتنەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی وڵات و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای کوبا ڕاگەیاند، مەسەلەکەشی بۆ نالەباری باری تەندروستی گێڕایەوە و هەموو شتێکی بۆ ڕائولی برای بەجێ هێشت . بەمەش گەشتە درێژخایەنەکەی ئەم شۆڕشگێڕە کۆتایی هات.

لە نزیکەوە

ناوی تەواوی (فیدل ئەلیخاندرۆ کاسترۆ) یە.

ڕۆژی 13ی ئابی 1926 لە کەرتی ئۆرینت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوبا لەدایکبووە.

دایک و باوکی بە ڕەچەڵەک ئیسپانین و کۆچیان کردووە بۆ کوبا.

چۆتە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی یەسوعی لە شاری سانتیاگۆ.

لە قۆناغی دواناوەندیدا پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی کاسۆلیکیەوە کردووە لە هاڤانای پایتەخت.

خوێندنی لە زانکۆی هاڤانا تەواو کردووە.

قوتابی کۆلیژی یاسا بووە و ساڵی 1950 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەو بوارە وەدەست هێناوە.

دواتر بڕوانامەی دکتۆراشی لە هەمان بوار و لە هەمان زانکۆ وەدەست هێناوە.






مانشێت



سکای نیوز:
بە گوێرەی دوایین ڕاپرسی کە لەلایەن پەیمانگای گالۆپی ئەمەریکیەوە ئەنجام دراوە، 45%ی ئەمەریکیەکان لە شێوازی کارکردنی سەرۆک ترامپ ڕازین ، بەمەش دەردەکەوێ کە جەماوەری ترامپ ڕووی لە زیادبوون کردووە.



سی ئێن ئێن:
لە بەرامبەر ئەو سزایانەی ئەمەریکا ، چەند میدیایەکی فەرمی نزیک لە حکومەتی ئێران ڕایانگەیاند کە تاران دەستی بە چالاکیە ئەتۆمیەکانی کردەوە .



ئەی ئێف پی:
بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی 7.2لە بابوا غینیای نوێ ڕوویدا .



دۆیچە ڤیلە:
ئەمینداری گشتی ناتۆ نیگەرانی ڕێکخراوەکەی بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی سیستمی موشەکی ئێس 400 لەلایەن تورکیا ڕاگەیاند .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
قۆناغی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی هیند دەستی پێکرد .



کەنالی ئار تی:
ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنال لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمەریکا زانیاری دەست کەوتووە دەربارەی ئەوەی ئێران بەنیازە لە دەریا و زەمینەوە هێرش بکاتە سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .



چۆن گەشتوگوزاری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان پەرەپێبدەین؟

نادر روستی

گەشتوگوزاری ژینگەیی پشت بە سروشت و بەشێکی بنەمای مرۆیی دەبەستێت و بە یەکێک لە جۆرەکانی گەشتیاری هەژمار دەکرێ، هەردوو بنەمای سەرەکی گەشتیاری کە یەکێک سروشت و ئەوەی دووەم مرۆیی، (مرۆیی سەرجەم دەستکردی رابردوو و پاشماوەی مرۆڤ دەگرێتەوە)، بە زیادکردنی بنەمای سێیەم کە خزمەتگوزاریە پێگە و ئاستی گەشتیاری زۆر پێشدەکەوێ، بە پیشەسازی کردنی کەرتی گەشتیاریش بەرهەمی گەشتیاری زۆر و بەهێز تر دەبێت و فرۆشی زۆر زیاد دەکات.

بە شێکی زۆری ژینگەی هەرێمی کوردستانی عیراق خاوەنی سروشتێکی بەهێزە بە تایبەت لەبەرزایی و نزمایی و کەشوهەوای پاک، لە هاویندا تیشکی رۆژێکی بەهێزی هەیە کە لە زۆربەی ولاتانی باکوری ئەورووپا و ئاسیا و کەنەدا هیواخوازن بتوانن بگەن بەو شوێنانەی تیشکی رۆژی بەهێزە چونکە زۆر کەم خۆر لە ولاتیان دەردەکەوێت ،خۆرێش سەرچاوەی سەرەکی ڤیتامین دییە. پلەی بەرزی گەرما لە پێدەشتەکان و کەشوهەوایەکی مام ناوەند لە دۆل و شوێنە بەرزەکان لە هاویندا و لە زستان بەفر و باران لە ناوچە چیاکان و لە وەرزی بەهاردا کەش و هەوایەکی ماموناوەند و نزمی پلەی گەرمی لە لوتکەی هەندێک بەرزە چیا کە لە 15 پلە تێناپەڕێت و بوونی داری سروشتی و دەستکرد لە ناوچە شاخاویەکان و چەندین جۆری گوڵی جیاواز، کە هەندێکیان دەگمەنن و تەنیا لە کوردستان هەیە، چەندین جۆری ئاژەڵ و باڵندە و کولتوور جیاواز و هەمەرەنگ و شوێنەواری زۆر و جوانی دیمەنی گوندەکان و هۆبەی رەشمالی رەوەندە کۆچەرییەکان و رووبار و کانیاوەکانی ئاوی سازگار و شیرین، هەموو ئەمانە ژینگەیەکی زۆر لەباری گەشتیاریان پێکهێناوە. سەرەڕای تایبەتمەندی لوتکە هەلگۆرد و چیای قەندیل و سەکران و زۆزک و کۆرەک و برادۆست و هەندرێن و شیرین و گارە و مەتین و زمناکۆ و پیرەمەگرون و سەفین و چەندان بەرزایی تر کە لە هاوین و زستان تایبەتمەندی زۆر لەباریان بۆ گەشتیاری هەیە بە تایبەت ئەگەر وەک چیای کۆڕەکی گەشتیاری بکرێن بە پرۆژە و خزمەتگوزاریان بۆ بکرێت و دەستی وەبەرهێنانیان پێ بگات. لە دەوروبەری لوتکەکانیش سروشتی لەبار هەیە وەک: ناشنال پارکی هەلگۆرد- سەکران و پارێزراوی سروشتی ناوچەی بارزان چەندین جۆر ئاژەڵ و درخت لە خۆدەگرێ بە تایبەت بزنی کێوی شاخدار، لە دەڤەری گەرمیان بەتایبەت لە رۆژهەلاتی رووباری سیروان چەندان جۆری باڵندە و مامز هەیە. کوردستان خاوەنی زیاتر لە 20تاقگەی جۆراوجۆر و چەندان بەندراو و گۆماو رووبار و کانی سازگار و دیمەنی سەرنج راکێش وایکردووە کە گەشتوگوزاری ژینگەیی گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت. بە پاراستنی سروشت و بنەما مرۆیەکانی و دابینکردنی بەشێک لە خزمەتگوزرای لە نزیک شوێنە سروشتییەکان بە مەرجێ کاریگەری نەرێنی نەکاتە سەر سروشت، ئەم جۆرەی گەشتوگوزار زۆر پێش دەکەوێت و بەشێوەی بەردەوامی دەبین بە خاوەن ژینگەیەکی پاک و گەشتیاری.

فۆتۆ: محەمەد مراد ئاکۆی

ئەو هۆکارانەی ژینگەی گەشتیاری دروست دەکەن



بەو هۆیەی ژیان و شارستانیەت بەرە و جەنجالی دەروات و بەرهەم و دەستکردەکانی مرۆڤ زۆرتر دەبن و مرۆڤ رۆژدوای رۆژ زیاتر دەسکاری سروشت دەکات و زیاتر سەر زەوی داگیر دەکات و پاشماوە و پاشەرۆکی زیانبەخش زیاتر لەسەر زەوی فرێدەدەن و سەرچاوە سروشتیەکان زیاتر پیس دەکرێن و رووبەرە سروشتییەکان بەرەو تەسکبوونەوە دەچن، زۆربەی مرۆڤەکان ئارەزووی گەشت دەکەن بۆ ژینگەیەکی سروشتی کە مرۆڤ کەمترین دەسکاری کردبێت و شێواندبێت. بەڵام ئایا ئەو ژینگەیە چۆن دروست دەکرێت کە سەرنجی گەشتیار رابکێشرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند خاڵێک وەک ڕێسای ژینگەی گەشتیاری دەخەینەڕوو. بلاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەپارێزی بۆ هاوڵاتیان و بۆ گەشتیاران، بۆ ئەوەی زیان بە پێکهاتەکانی شارستانیەتی رابردوو و سروشتی ناوچەکە نەگەیەنن و بیپارێزن.

– هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەو چالاکیانەی گەشتیار دەیکات و ژینگە تێکدات.

– هەوڵدان بۆ وەبەرهێنانی گەشتیاری لەسەر شێوازی کولتوری ناوچەکە، کە پارێزگاری لەسەر مێژوو و کولتوور و رەفتار و رەوشتی دانیشتوانی ناوچەکە بکات.

– هاندان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی بەمەبەستی رزگار بوون لە مەترسیەکانی سەر ژینگە و هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە نەوەک چارەسەری بۆ ژینگە.

– هاندانی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ گرنگیدان بە پیشە دەستیەکان و بەرهەمە خۆمالیەکان، بەمەبەستی پاراستنیان و مەبەستی پەیداکردنی داهات بۆ ناوچەکە، وەک گرنگی دان بە گواستنەوەی گەشتیاران بە ولاغی بەرزە و بارهەلگر و عارەبانە، هەروەها گرنگیدان بە کشتوکال، سەرەڕای ئەوەی پێویستە هەندێک بینە رێبەری گەشتیاری بۆ گەشتیاران و ناوچە سروشتییەکانیان پیشان بدەن و زانیاریان لەسەر بە گەشتیار بدەن.

– گرنگی بە خزمەتگوزاری ژێرخان و سەرخانی ناوچەکە بدرێت، واتە رێگاوبان و شوێنی مانەوە و خواردن و رووناکیان بۆ دابین بکرێ، بە مەرجێک لەگەڵ ژینگەی سروشتی ناوچەکە بگونجێت. بۆنموونە شوێنی مانەوە و نووستن لە گوندێکی فۆلکلۆری بێت لە جیاتی میوانخانەی پێنج ئەستێرەی 10نهۆمی. یاخو مەرج نییە رێگای ئوتومبیل بۆ هەموو شوێنێک بڕوات، بەڵکو بە پیادە یاخود بەرزە ولاغ گەشتیار بۆ هەندێک شوێن بچێت.

– پاراستنی پارسەنگی ژینگەی، لە گەشەکردنی بواری گەشتیاری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی، واتە پێویستە لە سەرجەم بوارەکان پێشکەوتنەکان وەک یەک یەکسان بن و دانیشتوان هەست بە دواکەوتنی شارستانیەت نەکەن، بەڵکو ئەوەی دەیکەن لە بەرزی هۆشیاری و رۆشنبیریان بێت.

– راگرتنی پارسەنگی پێکهاتەکانی ژینگە، واتە گەشەکردن و زۆربوونی هیچ لایەنێک لەسەر شانی لایەنی تر نەبێت، بۆنموونە دارستان و سەوزای زیاد بکرێت و ئاژەلی کێوی لەناو ببردرێت یان بە پێچاوانەوە، یاخود جۆری باڵندە زۆر بکرێت و کشتوکال لەناوببردرێت.

ژ ئەگەرێ لەهییّن بارانا رێک و بانێن جهێن گەشتیاری ژناف جونە

پێوار سندی

د ئەف سالەدا ژ ئەگەرێن باران بارینێ زور ب گشتی ل هەرێما کوردستانێ زوربەیا رێک و بانێن جهێن گەشتیاری زیان گەهاندنێ و ژناف چونە و تایبەت ئەو هاڤینگەهـ و سەیرانگەهێن د کەڤینە ل دەڤەرێن شاخاوی ل گەلەک جهو دەڤەرێن گەشتیاری ل هەرێما کوردستانێ مەترسی گەهشتە رێکێن وان هاڤینگەهـ و سەیرانگەهـا ، ئەف ئێکە بیە مەترسی گەشتیار و سەیرانی ژبەر خرابیا رێکێ نەشێن سەرەدانا وان دەڤەرا بکەن ، ژبەرکو هندەک جهێن گەشتیاری ب ئەگەرێ بەفر و باران بارینا زور ب تەمامی رێکێن هاڤینگەهـا کەتینە مەترسیێ دا ، سەرەرای وێ چەندێ خرابیا رێک بانا دێ بتە ئەگەرێ داکەتنا کێمیا گەشتیارا ئەف هۆکارە دێ زیانێ گەهینت کەرتێ گەشتیاری چنکی زوربەیا جهێن گەشتیاری د کەڤیتە دەڤەرێن شاخاوی ئەڤێن بەفر و باران زور لێ دهێت ، زێدەباری هندەک دەڤەرا نزیکا (1500مـلم) بارانێ لێ بارینە هەروسا هندەک دەڤەرێن شاخاوی پێنج جارا هندی سالێن بوری بەفر لێ باریە ، ئەڤەژی دێ بت هۆکار بار گرانی بکەڤیت سەر مللێ حکومەتا هەرێما تایبەتی وەزارا شارەوانی و گەشتوگوزار ، هێڤیە هەر زی ئامادەکارییێن تەمام بێن کرن بوجەیەک بێتە تەرخانکرن بو وان رێک و بانێن لەهیا زیان پێ گەهاندینە دڤیا هەمی ناوچێن کوردستانێ رێڤەبەرێن شارەوانیا و رێک و بانا بێنە سەر خەت ئەڤان رێکا نوژەن بکەن بزاڤێن جدی بێنەکرن ڤێ ئاریشێ چارەسەر بکەن بەردەم کەرتێ گەشتیاری ، بو نمونە دەڤەرێن گەشتیاری ل زاخو رێک و بانێن هاڤینگەهێن کەشان و شلێن و شیلان و دێرەشیشی و بانکێ جادەیێن وان هاڤینگەها ژناف چونە ، ئەگەر ئەف چەندە نەهێت چارەسەرکرن رەنگە د ئایندەی دا زیان بگەهیت کەرتێ گەشتیاری ببتە هوکارەک رێژەیا گەشتیارا ب کێمیێ بدت .



سەیرانگەی تەوسکە لە مەزرعە و سیمکردن و زبڵ رشتن زۆر زیادی کردووە

سەیرانگەی تەوسکە دەکەوێتە سنووری قەزای شەقلاوە، لە نزیک سەیرانگەی شێرەسوار بە دەستی چەپ دۆڵی تەوسکە درێژ دەبێتەوە تاکو دیووی گوندی قەلاسنج لە بەشێکی زۆری دۆڵەکە زبڵ و پاشماوەی ماڵ و مەزرەعەکان زۆر زیادی کردوە و لە هەندێک شوێن کۆمی زبڵ لە لێوارێ شەقامەکان کەلەکەی کردووە و ناوچەکەی تەنیوە. لە هەر لاوە سەیر زەوی ناوچەکە و سەیرانگەی تەوسکە دەکەی زەوی لە پاڵ زەوی پەرژینی سمی لێدراوە و چەند دۆنمێکی کراوەتە مەزرەعە و خانوو یان ڤێلەیەکی لە ناوی دروست کراوە و دەرگەی داخراوە. تاچەند یاساین یان زیادەرۆیان کردووە ئەوە بابەتی من نییە. ئەو بەشەی سەیرانگەش کە سیم و پەرژین نەکراوە غەرقی زبڵ و پیسای و پاشماوەی سەیران کەران کراوە، ئەوە بابەتی سەرەکییە، وایلیهاتووە ناوچەکە یەک پارچە زبل خۆی نمایش بکات.

وەک لە دیمەنە ڤێزەونەکە دیارە هاوڵاتیان و سەیران کەران زۆر بێباکانە ناوچەکەیان پیس کردوە، لەوەش ڤێزەونتر ئەوەیە کە کۆمپانیای پاکەوە و شارەوانی سنوورەکە ماوەیەکی زۆرە رووبان لە ناوچەکە نەکردوە و ناوچەکەیان فەرامۆش کردووە، تاوای لێهاتووە کە مرۆڤ روو لە ناوچەکە دەکات شوێنێک نەماوە 5خولەک پشوی لێبدەیت.



ئەم شوێنە بناسە

گەلی سێپرکا



هەلکەوتەی بەشێک لە سروشتی کوردستان پێگەیشتنی سەخت و دژوارە ,هەندێک شوێنی سەختیش تەواو گەشتیارین و هەندێک لە شوێنەکان نوێن و گەشتیاران کەمتر دەتوانن پێی بگەن بۆیە کەمتر ناسراون و گەشتیاری کەم سەردانیان کردوە، گەلی زێوە کە بە گەلی سێپرکا ناسراوە دەکەوێتە پاریزگای دهۆک لە سنووری ئامێدی بە دووری 20کم دەکەوێتە رۆژهەلاتی سەرسەنگ لە بەری چیای گارە. زیاتر لە 8کم بە پیادە بە ناو سروت و دۆڵ و دیمەنی سەرنج راکێش رێگە دەبڕی و بەرەو ناو گەلی سێپرکا دەڕۆیت. ئەم گەلیە 3پردی لێیە بۆیە بەم ناوە ناسراوە. لە ناو گەلی روباری سازگار و داری بالا بەرز و دیمەنی سەرنجراکێش و ئاوپرشژە و قەلبەزەی رووبار تیکەڵ بوونە و دیمەنی سەحراویان دروست کردووە, دانیشتوانی ناوچەکەش لە هەندێک شوێن و گۆماوی رووبارەکە ماسی سەلەموون بەخێودەکەن و شوێنی پشوودانیان بۆ گەشتیاران دروست کردووە، ئەمەش وایکردووە لەم دوو سالەی دوای پڕ لە گەشتیار بێت.

کاسیاس نەخۆشخانەی جێهێشت

دوای ئەو نەشتەرگەریە بەپەلەیەی بۆ دڵی ئەنجامدرا، ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی نەخۆشخانەی جێهێشت.
کاسیاس لەکاتی هاتنەدەرەوەی لە نەخۆشخانە دەستی سارە کاربۆنی هاوسەری گرتبوو، لەوکاتەدا بەرامبەر کامێراکان بەزەردەخەنەیەکەوە دەرکەوت و ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە هەواداراني دڵنیا بکاتەوە لەوەی تەندروستی زۆر باشە، کە چەند رۆژێک بوو هەوادارانی لەسەرانسەری جیهان بەم هەواڵە نیگەران ببون.
بەگوێرەی راپۆرتە سەرەتاییەکانی تیمی پزیشکی پورتوگالیش، کاسایس لەچەند کاروبارێک ئاگادار کراوەتەوە کەپیویستە بۆ ماوەی سی هەفتە خۆی لێ بپارێزێت، جێی باسە لەپێشوازی کاسیاسدا، ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا چاوەروانی ئەوەبوون بەزووترین کات هەواڵی دڵنیایی لەبارەی تەندروستی ئەو گۆڵچییەوە بەجیهان رابگەیەنن.



گۆڵچی نیوکاسل بێ تاوانی خۆی بەرامبەر محەمەد سەلاح نیشان دەدات

دوای ئەوەی محەمەد سەلاح هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول لەیاریەکەی بەرامبەر یانەی نیوکاسل توشی پێکان بوو، کاتێک لەناو هێلی سزادا بەر مارتین دوبراڤکای سلۆڤاکی و گۆڵچی تیمی بەرامبەر کەوت، ئەو گۆڵچییە بێ تاوانی خۆی بەرامبەر ئەم پێکانەی محەمەد سەلاح نیشاندا.
مارتن دۆبراڤکای گۆڵچی نیوکاسل لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی گوتی: هیچ لێدانیکیم لە محەمەد نەداوە نە بەدەست نە بە قاچ، هەروەک زۆرێک لێرەو لەوێ دەڵێن گوایە من لێمداوە، بەڵام کاتێک ئاوڕم داوە بینیم محەمەد سەلاح لەسەر زەوی کەوتیە، بەراستی کە بینیم زۆر پێی نیگەران بووم، بەڵام کاتێک چاوەکانی کردەوە ئەو نیگەرانییەم کەمتر بۆوە، لەکاتێکدا نەمدەزانی کە ئایا من هۆکاری پێکانی ئەو بووم یان یاریزانەکانی تر، تا ئێستاش ببیرم نایەت رۆژێ لە رۆژان یاریزانێکم تووشی پێکان کردبێت.

ستیڤنز ئالتیدۆر بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ یەک دەمێننەوە



هەریەک لە سلۆن ستیفنزی کچە تینسزانی ئەمریکی و جۆزی ئەلتیدۆر یاریزانی تۆپی پێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرایان کرد کە بۆ هەتا هەتایە پەیوەندی نێوانیان راگەیاند. ئەلتیدۆر لە هەژماری خۆی لە تویتەر پۆستێکی کردووە وینەیەکی خۆی لەگەڵ سلۆن ستیڤنز بلاوکردۆتەوە و لەخوارەوەش نوسیویەتی لەئێستاوە بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ یەک دەبین، لەگەڵ نوسینەکەش وینەی دڵێکی سووری داناوە، جێی باسە ستیڤنز ساڵی 2017 نازناوی پاڵەوانێتی ئەمریکای بۆ تێنس بەدەستهێنا و لە پاڵەوانێتی رۆلان گارۆسیش (دووەم گەورەترین چوار پاڵەوانیتییەکەی جیهان) لەپلەی دووەم هات.

زێدان 3 یاریزان ئاگادار دەکاتەوە کە شوێنیان لە ریال نەماوە



یانەی ریال مەدرید تەوای دەسەلاتەکانی داوەتە زینەدین زێدان بۆ تیپێکی تۆکمە بۆ وەرزی داهاتوو پێکبهێنێت و بگەڕێتەوە سەر ئاستی راستەقینەی خۆی.
زێدان لە تازەترین هەنگاویدا چەند یاریزانێکی ئاگادار کردۆتەوە کە پێویستە یانەی ریال مەدرید جێبهێڵن و روو لەیانەیەکی دیکە بکەن، ئەو راهێنەری ریال هەریەک لە گاریس بێل و دانی سیبایۆس و مارکۆس لۆرینتی ئاگادار کردۆتەوە کە یانەکەی بۆ وەرزی داهاتوو ئەوانی ناوێت، بۆیە لە ئێستاوە بۆخۆیان بەدوای یانەیەکدا بگەڕێن، چونکە دەرفەتی یاریکردن بۆیان لە ریال مەدرید نەماوە.



فیفا خەڵاتێکی دیکە زیاد دەکات

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لەبڕیارێکی تازەیدا خەڵاتێکی دیکەی لەنێو خەڵاتەکانی فیفا زیاد کرد کە بڕیارە لە سیپتیمبەری داهاتوو لە میلانۆ رابگەیەندرێت.
خەڵاتەکە دەدرێتە باشترین خانمە گۆڵچی و بەمەش ژمارەی خەڵاتەکانی فیفا دەگاتە 11 خەڵات، لەنێو خەڵاتەکانیشدا خەڵاتێک بۆ لۆکا مۆدریچ یاریزانی هێلی ناوەراستی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی کرواتیا دەبەخشرێت کە ساڵی رابردوو بەباشترین یاریزانی جیهان دەستنیشانکرا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 8. Apr. 2019 No: (5745)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

نووسینی سورەتی (الاخلاص) لەسەر تۆوی هەنجیر



نەجاتی کۆرکماز کە یەکێکە لە پەیکەرتاشانی دیاری مایکرۆ لەسەر ئاستی جیهان، دوای کارێکی شەش مانگی، بە بەکارهێنانی مووی جالجالۆکە سورەتی (الاخلاص)ی لەسەر تۆوی هەنجیر نووسی.

شارەوانی کوشنداسی لە ناوەندی هونەری مایکرۆ مینیچەر و مەیدانی پێشانگا، 40 بەرهەمی کۆرکمازی نمایش کرد کە تەنها بە مایکرۆسکۆپ دەبینرێن. بە مووی جالجالۆکە نووسیویەتی و بە چزووی هەنگ راستیکردووەتەوە. کۆرکماز کە شانازی بەوەوە دەکات سوورەتی (الاخلاص)ی لەسەر تۆوی هەنجیر جێکردووەتەوە گوتی: "ماوەی شەش مانگ هەوڵمدا تا سورەتەکەم لەسەر تۆوی هەنجیر جێگاکردەوە. ئەمە بچووکترین دەستنووسی جیهانە تا ئێستا".

پێویستە خێزا و بەپەلە بەربانگ نەکەینەوە

وریشە عومەر

دکتۆر عومەر سورچی پسپۆڕی هەناوی ئاماژەی بەوەدا کە بابەتێکی گرنگ لە مانگی بەڕۆژووبوون، بڕی ئەو خۆراکەیە کە لەسەر سفرە بۆ بەربانگ کردنەوە ئامادەدەکرێت و گوتی:هەندێک جار دوو بۆ سێ هێندەی ئەو خۆراکەی بۆ مرۆڤێک پێویستە لەسەر سفرە دادەنرێت، چونکە لەبەربانگ کردنەوەدا ڕێژەی شەکری لەش دابەزیوە و لەشی مرۆڤ ئەوە دەخوازێت بڕێکی زۆر خۆراک بخوات، یەکێک لە گەورەترین هەڵەکان ئەوەیە کە بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا بڕێکی زۆر خۆراک بخورێت. پێویستە خێرا و بەپەلە بەربانگ نەکەینەوە. چونکە میشک دوای 15بۆ 20 خولەک لە تێربوون فەرمانی تێربوون دەکات. واتا لەو کاتەدا دەکرێت بڕێکی زۆر خۆراکی خاوەن سەرچاوەی وزە بخورێت و لە داهاتوودا بەیتە هۆی کێشەی تەندروستی و مەترسیی زیابوونی کێش دروست بکات، ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو تووشبووانەی



نەخۆشیی شەکرە کە بەڕۆژوو دەبن، پێویستیان بە ڕاوێژکاریی خۆراکی و چالاکیی وەرزشی دەبێت و گوتی: "پێویستە ئەو نەخۆشانە پەیوەندی بە پزیشکەوە بکەن و زانیاری وەربگرن کە دەبێت بەڕۆژوو بن یان نا. ئەو نەخۆشانەی کە پێداگری دەکەن لەوەی بەڕۆژوو بن، پێویستە خۆیان سەربەخۆ گۆڕانکاری لە چارەسەرەکانیاندا نەکەن و پەیڕەوی ڕێنمایی پزیشکەکانیان بن. زۆر گرنگە توشبووانی شەکرە کە بەڕۆژووەدبن، زیاتر چاودێریی ڕێژەی شەکری خوێنیان بکەن".

(سەمای تەرزە) لە شەوانی ڕەمەزان پێشکەش دەکرێت



تەتلێساس بەرهەمی هێناوە و عەبدول حەمە جوان سەرپەرشتیاری گشتی دراماکەیە و لۆکەیشنەکانیش لە سلێمانی و پێنجوێن و ئێران و ئەورووپا ئەنجام دراوە.



کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و ئەکتەرانی ناودار و ناسراوی شاری سلێمانی بە هاوکاری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، دراماى "سەمای تەرزە" بەرهەم هێنرا کە لە 25زنجیرە پێکدێت. سەمای تەرزە دراماىەکی سەردەمییە و باس ڕووداو و بەسەرهاتەکانی سەردەمی ئێستە دەکات. شوانە جەزا کە هەم وەکو ئەکتەر و هەم وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر و بەرنامەڕێژی دراماکە بەشداری کردووە، لە لێدوانێک دا ڕایگەیاند، ئەم دراماىە لەلایەن کاروان ئاوات کاری دەرهێنانی بۆ کراوە. شوانە ڕاشیگەیاند،چەند هونەرمەند و چەند ئەکتەرێکی ناسراوی شاری سلێمانی بەشدارە لەوانە ژیان ئیبراهیم، عەبدول حەمە جوان، حکمەت هندی، شوانە جەزا، نیگار عوسمان،بە هار عوسمان، شەنگە تەحسین، ئاواره خان، مامۆستا کامەران شێرکۆ، میران شێرزاد، فەرهاد ڕەسول، پشتیوان عەبدوڵڵا، ڕێکان؛ ڕێبواری حەمەی سابیر، زانست، لانە، شادیە جەزا، هاوەدم، سەمیعە هەڵەبجەیی، ستار گەبەی، دکتۆر تەها، ڕێبوار ڕە حیم، گوڵی حەسەن، شیراز جەلال، زمناکو هیدایەت و چەند ئەکتەرێکی تریش.

شوانە دەڵێ: دراماى سەمای تەرزە گرووپی کۆڕاکانی

نزار ڕەواندزی

(نازداری گوڵ نازداری) بلاّو دەکاتەوە



بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەند نزار ڕەواندزی لەدیمانەیەکی کە خەبات لەگەڵی سازداوە و لەژمارەکانی داهاتوو بلاّو دەبێتەوە باس لەدوا پرۆژەی خۆی دەکات و دەڵێت: لەگەڵ هاوپیشەم کارزان خۆشناو خەریکی گۆرانیەکی هەڵپەڕکێین، ئینشائەللا بۆجەژنی ڕەمەزان بلاّوی دەکەینەوە، ئەم گۆرانییە ناوی (نازداری گوڵ نازداری) لە تێکست و ئاوازی کارزان خوشناو، هیوادارم بەدڵی هەواداراني هونەری کوردی بێت.





شیلادزێ.. منداڵێک کەنگرێکی 2.5 کیلۆیی دەکات

خەبات ـ مسلم دزلەمەری

لەگوندی هلورانی سەربەناحیەی شێلادزێ چەند مێرد منداڵێک بۆ کەنگرکردن ڕوو لەچیای گارە دەکەن، یەکێک لەو منداڵانە کەنگرێکی زۆر گەورەو دەگمەن دەدۆزێتەوەو دەیکات، هەر لەم بارەیەوە شەمااڵ زێباری باوکی مێردمنداڵەکە گوتی: کوڕەکەم بۆ کەنگرکردن لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی چووبوونە چیای گارە لەوکاتەدا کەنگرێکی زۆر گەورەو سەیری کردبوو کە درێژەکەی زیاتر لە 30 سانتیمەترەو کێشەکەشی زیاتر لەدوو کیلۆو نیوە.

دینا.. تۆبە دەکات

ئا: توانا زرار

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ دینا بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ڤیدیۆ کلیپێکی نوێ بلاّوەدەکاتەوە.

ئەم ڤیدیۆ کلیپەی دینا، بە ناوی (تۆبە)یە، تێکستەکەی تێکستی گەورە شاعیر و بەناوبانگی عێراق، کەریم عێراقییە و لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ئاوازەکەی بۆ دانراوە. هەروەها کاری دەرهێنانیشی لەلایەن بڕیار فەتاحەوە بۆ ئەنجامدراوە. لە ئێستادا هونەرمەندی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر تریلەری کلیپەکەی بلاّوکردووەتەوە و بڕیارە لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان بلاّوبکرێتەوە. دینا لە شاری ڕانیە لەدایکبووە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم خانمە هونەرمەندە لەگەڵ هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر بوو، لەلایەن ئەوەوە پاڵپشتی کارەهونەرییەکانی بۆ دەکرێت. دینا لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی بە کاری هونەری کردووە و خاوەنی کۆمەڵێک گۆرانی تۆمارکراو و چەند ڤیدیۆ کلیپێکە، یەکەم ڤیدیۆکلیپی لەژێر ناونیشانی "شای ولاّت" بلاّوکردەوە؛ ئەلبوومێکیشی بە هەمان ناونیشان هەیە، ساڵی ڕابردووش لەمانگی ڕەمەزاندا گۆرانییەکی ئایینی بلاّوکردەوە.